# حکومەتی هەرێمی کوردستان
# وەزارەتی پلاندانان



# کارنامەی

# دوو ساڵەی وەزارەتی پلاندانان

## (2010 - 2011)

کانونی دووەم 2012

# کارنامەی

# دوو ساڵەی وەزارەتی پلاندانان

( 2010 - 2011 )

ئامادەکردن: طیب محمد اسماعیل - شارەزا لەوەزارەتی پلاندانان

کانوونی دووەم - 2012

# ناوەڕۆك


- پێـــشــەكی ........................................................................................ ل 3
- چەند لایەنێكی نوسینگەی بەڕێز وەزیری پلاندانان ........................................... ل 5
- كارو چالاكییەكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كارگێڕی و دارایی .................................. ل 17
- كارو چالاكییەكانی دەستەی ئاماری هەرێم ....................................................... ل 23
- كارو چالاكییەكانی دەستەی پێوانەسازی و كۆنتڕۆڵی جۆری ................................... ل 37
- كارو چالاكییەكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانی پرۆژەكانی بودجەی وەبەرهێنان ............. ل 41
- كارو چالاكییەكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی ............................... ل 49
- كارو چالاكییەكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی ................................. ل 55
- كارو چالاكییەكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوكاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان .............. ل67
- یاسای وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی كوردستان - عیراق ......................................... ل84

# کارو چالاکییەکانی وەزارەتی پلاندانان (2010 - 2011)

## پێشەکی

بۆ دەستنیشانکردنی کاری پرۆژە ئەنجامدراوەکانی وەزارەتی پلاندانان بە باش زانرا ، وە گرنگترین ئەو کارو چالاکییانەی کە لەماوەی دوو ساڵی ڕابردووی (2010 - 2011) ئەنجامدراون یاخود هەندێکیان تا ئیستاش کاری لەسەر دەکرێت بەشێوەیەکی پوختکراوە بخرێتەڕوو.

وەزارەتی پلاندانان یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە ئەرك و کارەکانی لە نزیکەوە لەگەڵ زۆربەی زۆری وەزارەتەکانی حکومەتدا ئەنجام دەدات ، بەمەبەستی هەماهەنگیی کردن لە دانانی پلانی پەرەپێدان لە گشت بوار و سێکتەرەکان ، ئەویش بە ئامانجی پێشخستن و گەشەپێدانی ئەو لایەنانەی کە پەیوەندارن بە ژیانی کۆمەڵگانی هەرێمی کوردستان.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا وەزارەت چەندین کاری گرنگی ئەنجامداوە لە دانانی پلانی بودجەی وەبەرهێنانی حکومی بەشێوەیەك کە لە خزمەتی هاووڵاتیانی هەرێمدا بێت ، وە بەتایبەتی هەڵسەنگاندن و ئەنجامدانی جدوی اقتصادی بۆ ئەم پرۆژانە و پەیڕەوکردنی دادپەروەری لە دابەشکردنیان بەپێی شوێنی جوگرافی.

لە بواری سەرژمێری گشتی عێراقیش لەم دوو ساڵەی ڕابردوودا وەزارەت هەڵسا بە ئامادەکارییەکانی پێویست بۆ ئەنجامدانی ئەم سەرژمێریە گشتییە ، کە بڕیاربوو ئەنجام بدرێت. بەتایبەتی کارە مەیدانییەکان لە ژمارەدانان و گەمارۆکردن و ئەنجامدانی خولی پێویست بۆ کارمەندان و بژمێرەکان.

هەروەها وەزارەت هەڵساوە بە ئەنجامدانی چەندین کارو چالاکی دیکە لە بوارەکانی دانانی ڕەشنووسی پلانی ستراتیجی ، کە بڕیارە بەم زوانە بە فەرمی بخرێتەڕوو .

وە هەروەها ئەنجامدانی چەندین کارو پرۆژەی تر لە بوارەکانی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری و پەرەپێدانی سەدان کارمەندی حکومی لەڕێگای کردنەوەی خولی جۆراوجۆر وە هەروەها لە بواری هەماهەنگیی کردن و هاوکاریکردنی لایەنە نێودەوڵەتییەکان بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەنجامدانی پرۆژەی پێویست و گەلێ کاری دیکە.

# چەند لایەنێکی نوسینگەی
# بەڕێز وەزیری پلاندانان

# کۆبوونەوەکانی دەوری ئەنجومەنی وەزارەت بەسەرپەرشتی بەڕێز وەزیری پلاندانان بەمەبەستی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی کارو پڕۆژەکان



کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەتی پلاندانان









ئەنجومەنی وەزارەت بەسەرپەرشتی بەڕێز جەنابی وەزیر بەشێوەیەکی دەوری دانیشتنەکانی خۆی ئەنجام دەدات ، بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و گفتوگۆکردن لەسەر کارو چالاکییە ئەنجامدراوەکان لەسەر ئاستی وەزارەت و دەستە و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەر بە وەزارەت ، وە هەروەها خستنەڕووی گرفت و تەگەرەکان وە دانانی ڕێوشوێنی پێویست بۆ چارەسەرکردنیان .

بێگومان جگە لە بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کارو پڕۆژانەی کە تەواوکراون یاخود لەژێر ئەنجامداندان ، ئەنجومەنی وەزارەت لەکۆبوونەوەکانیدا هەنگاوی پێویستیش دەنێت بۆ پلانی کاری داهاتوو ، بۆئەوەی کارەکان بەشێوەیەکی نەخشە بۆکێشراو هەنگاوبەهەنگاو جێبەجێ بکرێن، وە دڵنیا بوون لەپەیڕەو کردنی ئەو ڕێنماییانەش کە پێویستن بۆ ئەم مەبەستە .

## گفتوگۆکانی پەرلەمان لەسەر بودجە بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پلاندانان (د. عەلی سندی)



بەڕێز د. عەلی سندی وەزیری پلاندانان لەکاتی گفتوگۆکانی پەرلەمان لەسەر بودجەی ساڵی 2011

وەزارەتی پلاندانان ئەرکی داڕشتنی بودجەی وەبەرهێنانی حکومی لەئەستۆدایە. وە لەڕێگای هاوکاری و هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەی حکومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندارەکان و کاری هاوبەش لەناو خودی وەزارەتدا بودجەی ساڵی 2011ی دارشت. بودجەی وەبەرهێنانی ئەم ساڵ بایەخ دەدات بە هەموو کەرتەکان بەتایبەتی کەرتی کارەبا کە پشکی سەرەکی بەرکەوتوە ، ئەمەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە پرۆسەی پەرەپێدان لە هەرێمی کوردستان بەخێرایی هەنگاو دەنێت.
لەگەڵ دەستپێکردنی گفتوگۆکانی تایبەت بە پەسەندکردنی بودجەی ساڵی 2011 لەناو هۆڵی پەرلەمان بەڕێز د. عەلی سندی وەزیری پلاندانان بەشداری هەموو کۆبوونەوەکانی کرد و وەڵامی تەواوی ئەو پرسیارانەی دایەوە ، کە لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ئاراستە دەکران ، دواتریش بەڕێزیان بابەتێکی پێشکەش بە پەرلەمان کرد ، کە تیایدا چەندین خالی نارۆشنی بودجەی بۆ ڕوونکردنەوە.

ئەگەرچی بودجەی ساڵی 2011 بەهۆی دواکەوتنی بودجەی گشتی عێراق زۆر لەوادەی خۆی دواکەوت ، بەلأم ئەوەی کەوا بودجەی ئەم ساڵ لەساڵانی تر جیادەکاتەوە کەمبوونەوەی ئەو کەموکوڕیانەیە کە لە بودجەکانی پێشووتردا بەدی دەکران ، ئەمە جگە لە پەیرەوکردنی شەفافیەت لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنیدا. بەگەڕانەوە بۆ ئەو ڕووپێوەی کە (ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بودجە - International Budget Partnership بە ناونیشانی (ڕووپێوی بودجەی کراوە) ئەنجامی داوە ، تیایدا 94 وڵات هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە لەوانە 72 وڵات مەرجەکانی شەفافیەت و بەرپرسیارێتیان تیادا ڕەچاو نەکرابوو. وە بە بەراوردکردنی ئەنجامەکانی ئەم ڕووپێوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان ، دیارە کەوا ئاستی هەرێمی کوردستان لە بواری شەفافیەتەوە لە زۆربەی ئەم وڵاتانە بەرزترە ، وە لەداهاتووشدا وا چاوەڕوان دەکرێت بە بەدەستهێنانی شارەزایی و ئەزموونی زیاتر ، بتوانرێت بودجە بەپێی ڕێنمایی و ستاندارەدە نێودەوڵەتییەکان وە بەشێوەیەکی باشتر ئامادە و جێبەجێ بکرێت.

## وەزیری پلاندانان پێشوازیکرد لە بەڕێوەبەری نوێی جایکا لە هەرێمی کوردستان


وەزیری پلاندانان (د. عەلی سندی) لەکاتی پێشوازیکردنی بەڕێوەبەری نوێی جایکا

لە 2011/10/24 بەرێز دکتۆر عەلی سندی ، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، پێشوازیکرد لە بەرێز (تاکیما ساکۆمۆتۆ) بەرێوەبەری نوێی رێکخراوی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی ژاپۆنی (جایکا ) لە هەرێمی کوردستان.

وێرای پیرۆزبایی کردنیان لە بەرێوەبەری نوێ ، کارەکانی بەرێوەبەری پێشووی بەرزنرخاند لە هاوکاری و هەماهەنگیی بەردەوامی لەگەڵ وەزارەت و ئومێدی خواست لە ئایندەدا هاوکارییەکان بەردەوام بن ، چونکە ژاپۆن رۆڵێکی گرنگی گێراوە لە پرۆسەکانی ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان. بەرێوەبەری نوێی جایکا جەختی کردەوە لە درێژەدان بەهاوکاریکردنی وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان و بەڵێنیشیدا هەوڵ بدات پەیوەندییەکان پتەوتر بکات.

## وەزیری پلاندانان کۆبوونەوەیەکی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ئەنجامدا

وەزیری پلاندانان بەرێز دکتۆر عەلی سندی کۆبوونەوەیەکی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە رێکەوتی 2011/11/10 ئەنجامدا ، دوای ئەوەی کە بەرێزیان سەردانی نوسینگەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی کرد و لەلایەن بەرێز ( رۆن ڤان رۆم ) سەرپەرشتیاری بەشی عێراقەوە پێشوازی لێکرا ، کە تیایدا وەزیری پلاندانان کورتەیەکی لەسەر پێشکەوتنە ئابووری و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان پێشکەشکرد و داواشی لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی کرد لقێك لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە تا بتوانن هاوکاری زیاتری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن لە بوارەکانی دارایی و بەرێوەبردنی داراییدا.

## گفتوگۆكردنی هاوكارە نێودەوڵەتییەكان لەسەر پەرەپێدانی كەرتی پەروەردە



وەزیری پلاندانان (د. عەلی سندی) لەكاتی گفتوگۆكردنی هاوكارە نێو دەوڵەتییەكان

بەسەرپەرشتی و ئامادەبوونی بەڕێز دكتۆر عەلی سندی وەزیری پلاندانانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە 2011/9/21 هەشتەمین كۆبوونەوەی هاوكارە نێودەوڵەتییەكان لە هەولێر بەڕێوەچوو. بابەتی گفتوگۆكردنی كۆبوونەوەكەش بریتی بوو لە پەرەپێدانی كەرتی پەروەردە ، بۆ ئەم مەبەستەش بەڕێز سەفین دزەیی وەزیری پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بابەتێكی پێشكەشكرد لەسەر هەلومەرجی پەروەردە بەگشتی و تیشكی خستەسەر كێشە و گرفتەكان و كارەكانی حكومەت بۆ بەرەوپێشبردنی كەرتی پەروەردە لە هەرێمی كوردستان.

نوێنەری ڕێكخراوی ( یونسكو )ش دواتر بابەتێكی پێشكەشكرد لەسەر پرۆژەكانی داهاتوویان بۆ هاوكاریكردنی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە بواری پەروەردەدا.

## ئەنجامدانی كۆنفرانسی نیشتیمانی لامەركەزیەت و حوكمی خۆجێی لە هەولێر

لە 2011/6/14 كۆنفرانسی نیشتیمانی لامەركەزیەت و حوكمی خۆجێی لە هەولێر بەڕێوەچوو ، كەتیایدا هەریەك لە بەڕێزان دكتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان ، دكتۆر عەلی سندی وەزیری پلاندانان و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و چەند بەرپرسێكی تری باڵای حكومەت ئامادەبوون ، وە هەریەك لە بەڕێزان د. عەلی شاكر وەزیری پلاندانان و د. سەڵاح عبدالرزاق پارێزگاری بەغداد و چەند بەرپرسێكی تری باڵای حكومەتی فیدراڵیش ئامادەبوون.

بەڕێز دكتۆر عەلی سندی وەزیری پلاندانان لە ووتەیەكیدا باسی لە گرنگی لامەركەزیەت كرد بۆ سیستەمی حوكمڕانی دیموكراسی ، وە تیشكی خستەسەر هەوڵەكانی حكومەتی هەرێم و وەزارەتی پلاندانان بۆ تواناداركردنی پارێزگاكان. وە باسیشی لە پرۆژەیەكی وەزارەتی پلاندانان بۆ بەشدارپێكردنی هاووڵاتیان لە پرۆسەی بڕیاردانا كرد، دووپاتیشی كردەوە كە لەساڵانی داهاتوودا پرۆژەی لەم جۆرە زیاد دەكرێت بەئامانجی زیادكردنی بەشداری هاووڵاتیان لە بڕیاردانا لەسەر ئەو پرۆژانەی كاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ژیان و گوزەرانیان.

## دەزگای راند درێژە بە کارەکانی دەدات لە هەرێمی کوردستان





### دەزگای راند درێژە بە کارەکانی دەدات لە هەرێمی کوردستان

بەمەبەستی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی لێکۆڵینەوەکانی قۆناغی یەکەمی کارەکانی دەزگای راند بۆ لێکۆڵینەوە بەڕێز وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 2011/9/30 پێشوازیکرد لە بەرپرسانی ئەم دەزگایە کە پێکهاتبوون لە بەڕێز (مایکل ریچ ) و خاتوو ( رۆبن میلی ). کە بەمەبەستی هەڵسانگاندنی بوارەکانی پەروەردە ، تەندروستی ، ئامار و پەرەپێدانی کەرتی تایبەت بوو ، وە هەروەها رێککەوتن لەسەر درێژەدان بە کارەکانی راند بۆ دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانی هەریەك لەم کەرتانە و پێشکەشکردنی پێشنیار بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری پێویست.

وە گرنگە بگوترێت کەوا راند دەزگایەکی ئەمریکیە بۆ لێکۆڵینەوە کە ئەزموونێکی درێژی هەیە لە لێکۆڵینەوە لە چەندین وڵاتی جیهان و بە یەکێك لە باشترین دەزگاکانی لێکۆڵینەوە هەژمار دەکرێت.

### بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی دانیشتوان

لە 2011/7/11 بەسەرپەرشتی و ئامادەبوونی دکتۆر عەلی سندی وەزیری پلاندانان ، وە بەهاوکاری سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان (UNFPA) کۆبوونەوەکی بە رفراوان لە تەلاری شەهید سعد عبداللە لە هەولێر سازکرا بۆ بەرزراگرتنی ڕۆژی جیهانی دانیشتوان ، کە ژمارەیەك لە وەزیرانی حکومەتی هەرێم و نوێنەرانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادە بوون. کە تیایدا وەزیری پلاندانان ووتارێکی پێشکەشکرد لەسەر گرنگی ڕۆژی جیهانی دانیشتوان و ئاماژەیدا بە گرنگی بڵاوکردنەوەی زانیاری و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەسەر بابەتەکانی دانیشتوان ، وە گوتی کە گەشەی دانیشتوان دەرفەتێکی باشە بۆ هەرێمێکی وەك کوردستان کە بە رە وپێشچوونێکی بەرچاو بەخۆوە دەبینێت. دواتر چەند شارەزایەکی کوردستان و بیانی ژمارەیەك بابەتیان پێشکە شکرد لە سە ر گرنگی ئەم ڕۆژە و ئەو دەرفەت و گرفتانەی گەشەی بەرچاوی دانیشتوان دەیانهێنێتە ئاراوە. جێگە ی ئاماژە پێدانە کە لەساڵی 1987 نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی 7/11 ی دەستنیشانکردووە بۆ یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی دانیشتوان.

## وەزیری پلاندانان پێشوازیکرد لە کونسوڵی گشتی بەریتانی



ڕۆژی 17/ 1 /2011 بەڕێز دکتۆر عەلی سندی ، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیکرد لە کونسوڵی گشتی بەریتانی لە هەرێمی کوردستان. باس لەوە کرا کە پاش بەرزکردنەوەی نوسینگەکەیان بۆ کونسوڵخانە لە هەولێر مامەڵەی فیزەی بەریتانی دەکرێت بۆ ئەو کاندیدانەی خوێندنی باڵا کە دەچنە دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن. وەزیری پلاندانان باسی لەوە کرد ، کە وەزارەت وەك قۆناغی یەکەم زیاتر لە 200 قوتابی خوێندنی باڵای ئامادەکردووە بۆ ناردنە دەرەوە، وە ئەم ژمارە زۆرەی قوتابیانیش پاش گەڕانەوەیان دەبنە سەرمایەیەکی مرۆیی و بەشداری چالاك دەکەن لە پەرەپێدانی هەرێمی کوردستاندا. لە کۆتاییدا هەردوولا جەختیان کردەوە لە گرنگی هاوکاری و هەماهەنگیی بەردەوام بۆ پاڵپشتی کردنی پرۆسەی پەرەپێدان لە هەرێمی کوردستان.

## وەزیری پلاندانان پێشوازیکرد لە جێگری نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق

لە 2011/8/11 بەڕێز دکتۆر عەلی سندی ، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیکرد لە خاتوو (کرستین مەکناب) جێگری نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق. لە کۆبوونەوەیەکدا باسی چەند بابەتێکی گرنگ کرا وەك کێشەی ئاوارەکان بەهۆی تۆبپارانی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان ، پرۆژە هاوبەشەکان ، یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان و پەرەپێدانی تواناکان. سەرەتا وەزیری پلاندانان هەڵوێستی فەرمی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی ڕوونکردەوە و داوای کرد وەك نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاری ئاوارەکانی ئەو ناوچانە بکەن. لە کۆتایدا هەردوولا جەختیان لە درێژەدان بە کاری هاوبەش و جێبەجێکردنی پرۆژەی هاوبەش کردەوە. هەروەها وەزیری پلاندانان کۆپییەکی پلانی پەرەپێدانی ستراتیجی هەرێمی کوردستانی پێشکەشکرد بە خاتوو مەکناب ، کە وەزارەت دایرشتووە بۆ ساڵانی 2012 - 2016 بۆ پەرەپێدانی هەموو کەرتەکان لە هەرێمی کوردستان.



بەڕێز وەزیری پلاندانان (د. عەلی سندی) پێشوازی لە جێگری نوێنەری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە عێراق دەکات

## گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەکانی یەکێتی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان



بەڕێز وەزیری پلاندانان (د. عەلی سندی) پێشوازی لە شاندی یەکێتی ئەوروپی دەکات

لە 2011/9/5 بەڕێز وەزیری پلاندانان ، پێشوازیکرد لە شاندێکی یەکێتی ئەوروپا بە سەرۆکایەتی بەڕێز (یۆبست ڤان کیرخمان) ، بەڕێوەبەری هاوکارییەکانی شاندی یەکێتی ئەوروپا لە عێراق. بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەکانی یەکێتی ئەوروپا چەند کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا لە وەزارەتی پلاندانان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەو چوار بوارەی پرۆژەکانی یەکێتی ئەوروپا کە بریتین لە: تەندروستی ، کۆچ و کۆچبەران ، خوێندنی یاسایی ، کۆمەڵگەی مەدەنی. شاندەکە کورتەیەکیان پێشکەشکرد لەسەر تەوەری سەرەکیی پرۆژەکانیان لە بواری تەندروستیدا چەندین ڕاهێنانیان پێشکەشکردوە بۆ کارمەندانی تەندروستی ، وە لە پرۆژەکانی داهاتووشدا پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی و فریاگوزاری سەرەتایی لە هەرێمی کوردستان بەشێك دەبن لە پرۆژەکە. لە بواری خوێندنی یاساییدا ، هاوکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا دەکەن بۆ پەرەپێدانی مەنهەجە یاساییەکانی زانکۆ و پەیمانگەکان. لە بواری کۆچ و کۆچبەرانیشدا هاوکاری حکومەت دەکەن بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و ئامادەکاری بۆ گەڕانەوەیان. لە بواری کۆمەڵەی مەدەنیشدا یەکێتی ئەوروپا هاوکاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەتی هەرێم دەکات لە دروستکردنی کەش و هەوایەکی دیموکراسی تا ئەم ڕێکخراوانە بتوانن زیاتر خزمەتی کۆمەڵگە بکەن. وەزیری پلاندانان هاوکاری بەردەوامی وەزارەتی پلاندانانی بۆ دووپات کردنەوە ، وە پێشنیاری کرد تا نووسینگەی خۆیان لە هەولێر بکەنەوە تا بتوانن ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی پرۆژەکانیان بکەن. هەروەها ئامادەباشی وەزارەتی پلاندانانی دەربڕی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا.

## ئەنجامدانی ڕێككەوتنێك لەنێوان ڤوتابخانەی نەتەوەیی بەریتانی و حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ پێشكەشكردنی پرۆگرامێكی ڕاهێنان و پشتگیری

**زانیاری سەرەتایی:**

ڕێككەوتنێك لەنێوان ڤوتابخانەی نەتەوەیی بەریتانی و حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەنجامدراوە بۆ پێشكەشكردنی پرۆگرامێكی ڕاهێنان و پشتگیری. ڕێككەوتننامەكە لەمانگی تەمموزی 2010 واژوو كراوە ، بەڵام پرۆژەكە لەمانگی تشرینی یەكەمی 2010 دەستی بەكار كردووە . ئامانجیش لەم پرۆگرامە هاوكاریكردنی حكومەتی هەرێمی كوردستانە بۆ پلاندانان و ئەنجامدانی پرۆگرامێكی پێشكەوتن بۆ ئەو خزمەتگوزارییە گشتییانە كە لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە لە سەرتاسەری هەرێمدا پێشكەش دەكرێن.

**ئامانجە گشتییەكانی پرۆژەكە:**

- فراوانكردنی توانای ئەنستیتۆتی كوردستان بۆ كارگێڕی (KIPA) بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنانی پێویست بەهۆی پرۆگرامێكی پێشكەوتنی پلانكراو.
- پێشخستنی دڵنیایی جۆری بە پێشكەشكردنی ڕاهێنان و پشتگیری (ڕاوێژكاری) ئەمەش ڕێگایەكە بۆ پێشخستنی خزمەتگوزاری گشتی بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ.
- چەند ئەركێكی تر لەلایەن بەڕێز وەزیری پلاندانانەوە دەستنیشان كراوە.

بۆ بەجێهێنانی ئەم ئامانجانە ، بڕیاردرا ڕاوێژكارێكی تەكنیكی نیشتەجێ بۆ پلاندانان و هەماهەنگیی لە هەرێمدا دابمەزرێت. ڕاوێژكاری تەكنیكی لە نزیكەوە لەگەڵ بەڕێز وەزیری پلاندانان و د.صباح تۆما / ڕاوێژكار لە وەزارەت كار دەكات ، بۆ دەستنیشانكردنی ئەولەویاتی پرۆژەكە و دڵنیاكردنیان كە بە پشتگیری پێویست پێشكەش دەكرێت.

**ئەرك و كارەكانی دڵنیایی جۆری QA:**

- پێشكەشكردنی ڕاهێنان بۆ تیمی دڵنیایی جۆری لە گشت بابەتەكانی دڵنیایی جۆری.
- هاوكاریكردنی تیمی دڵنیایی جۆری لە ئامادەكردنی مەرجەكانی كاری یەكەم دەستەی پرۆژەكان.
- پێشخستنی توانای دڵنیایی جۆری لە سەرتاسەری حكومەتی هەرێم.
- بڵاوكردنەوەی هۆشیاری (توعیە) دەربارەی دڵنیایی جۆری و پاڵپشتی كردنی بۆ زیاتر پێشخستنی خزمەتگوزاری.

**كارە ئەنجامدراوەكان:**

- چەند خولێكی ڕاهێنانی 4 - 5 ڕۆژی پێشكەش كراوە بۆ بەڕێوەبەرانی دڵنیایی جۆری لە گشت وەزارەت و پارێزگا و دەستەكان ، لەماوەی كانونی دووەم - ئایار / 2011.

- زۆربەی بەڕێوەبەرانی دڵنیایی جۆری مەرجەکانی کاری یەکەم پرۆژەیان ئامادەکردووە.
- لەمانگی تەمموزی 2011 دا وۆرکشۆپێك سازکرا بۆ دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی سەرکەوتن.
- پەسنەد کردنی ستراکچەری دڵنیایی جۆری و ناردنی بۆ گشت وەزارەت و دەستە و پارێزگاکان بۆ ئەنجامدانی ئەم ستراکچەرە



- یەکەم هەواڵنامەی دڵنیایی جۆری بلاوکراوەتەوە
- چوار پرۆژەی هاوبەش لە قۆناغی ئەنجامداندان لەم وەزارەتانە:
  - ◊ وەزارەتی تەندروستی - پێشخستنی ستاندەری نەخۆشی نەخۆشخانە
  - ◊ وەزارەتی ناوخۆ - پێشخستنی فەرمانگەی نیشتەجێبوونی هەولێر
  - ◊ وەزارەتی کار - پەرەپێدانی بەشداربوون لە یاسای دەستەبەری کۆمەلایەتی
  - ◊ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان - هەڵسەنگاندنی کاریگەری دامەزراندنی ستاف

### کاریگەری پرۆژەکە:

پرۆژەکە جەخت دەکات لەسەر پێشخستنی کارەکانی دڵنیایی جۆری ، وە ڕاهێنانی تیمی دڵنیایی جۆری بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی جیاجیا لە پارێزگا و وەزارەتەکانی خۆیان. کاریگەری ئەم کارە ئێستا بەرچاوە لە 4 پرۆژە هاوبەشەکە تیمی دڵنیایی جۆری هەڵسان بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و کاری مەیدانی و وەرگرتنی ڕاوێژ لە لایەنی پەیوەندیدارەکان. لەماوەی چەند هەفتەی داهاتووشدا ئەم پرۆژانە تەواو دەبن و ڕاپۆرتی کۆتایی پێشکەش دەکرێت بە وەزیرەکان ، کە تییایدا ئامۆژگاری پێشکەوتنی خزمەتگوزارییەکان پێشکەش دەکرێت.

### هەنگاوی داهاتووی پرۆژەکە:

ئەرك و کارەکانی دڵنیایی جۆری بەرێکی پێشدەکەوێت و تیمی دڵنیایی جۆری ئێستا متمانەیان بە خۆیان و کارەکانیان هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر هەوڵ بدات بۆ پێشخستنی توانای دڵنیایی جۆری (ستاڤ زیاتر). ئەمە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی چالاکی دڵنیایی جۆری و پرۆژەکانی ، هەروەها بەم شێوەیە کاریگەری دڵنیایی جۆری زیاتر دەبێت لە هەرێمدا. بڕیاریش دراوە بۆ: دانانی پرۆگرامی ساڵانەی دڵنیایی جۆری هەر وەزارەت و دەستە و پارێزگایەك ، بلاوکردنەوەی هەواڵنامەی وەرزی دڵنیایی جۆری لەگەڵ کەلوپەلی تری کەمپەینی بلاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی دڵنیایی جۆری.

زۆربەی ئەو پرۆژانەی کە ئێستا ئەنجام دەدرێن چەند خاڵێکی هاوبەشیان هەیە و دەبێت جەختیان لەسەر بکرێتەوە وەکو ڕاهێنانی ستاف و پێشخستنی ئەدایان.قوتابخانەی نەتەوەیی بەریتانی ئەم خاڵانە بە وردی هەڵدەسەنگێنێت و چەند پێشنیارێکی ستراتیجیش پێشکەش بە جەنابی وەزیری پلاندانان دەکات.

# وەزارەتی پلاندانان بەشداریدەکات لەووۆرکشۆپی کەمکردنەوەی هەژاری لەبەیروت لە(18 – 21) /7/ 2011



بەشداریکردنی وەزارەتی پلاندانان لەووۆرکشۆپی کەمکردنەوەی هەژاری لە بەیروت لە ماوەی نێوان (18 – 21)/ 7 / 2011

ئەم ووۆرکشۆپە بەهاوکاری ئەندامانی لیژنەی بالأی پێداچوونەوەو چاودێری ستراتیجی کەمکردنەوەی هەژاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرال و بانکی جیهانی ئەنجامدرا ، بۆ پێناسینی ستراتیجیەتەکە بەنوێنەرانی پارێزگا پەیوەندیدارەکان بەپلانەکەو شێوازی چاودێری بەئەنجامدانی ئەوکردارانەی دەستنیشانکراون کەبەئەنجامدانیان هەژاری کەم دەبێتەوە بەو ڕێژەیەی کەچاوەڕوان دەکرێت.

پرۆفیسور جمال رەسول لەوەزارەتی پلاندانان ، گرنگی پێکەوە کارکردنی دووپات کردەوە لەگەیشتن و سوود وەرگرتن لەبودجەی تەرخانکراو بۆ ستراتیجیەکە، وەهەبوونی میکانیزمێکی کارا بۆ بەدەستهێنانی بەشێوەیەکی ئاشکراو بێ جیاوازی و هەروەها پەراوێز نەکردنی هەرێمی کوردستان لەژێر پاساوی بارودۆخی باشدا بەبەراورد کردن لەگەل پارێزگاکانی دیکەی عیراقی فیدرال.

بەشدارانی ووۆرکشۆپەکە لەهەرێمەوە بریتیبوون لەنوێنەرانی وەزارەتی پلاندانان و تەندروستی و کارو کاروباری کۆمەلأیەتی.

## دانانی سیستەمێکی تێرو تەسەل بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای کارمەندان

وەزارەتی پلاندانان هەلساوە بەدانانی سیستەمێکی تێرو تەسەل بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای کارمەندان ، ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بەوەسفی وەزیفی چ هونەری بێت یاخود ئیداری. ئەم سیستەمە پێشنیارکراوەش بریتیە لەدەسنیشانکردنی پێوەرە سەرەکیەکان بۆ هەلسەگاندنی هەر وەزیفەیەك لە وەزارەت ، هەریەك لەم پێوەرانەش جیاوازن بەپێی سروشت و ئەرکەکان و بەپێی ئاستی ئیداری هەر پۆستێك. بۆ ئەم مەبەستەش پێنج فۆرمی زانیاری تایبەت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدا ئامادە کراون . پێویستە بگوترێت کەوا هۆی بوونی جیاوازی ئەم فۆرمانەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لەپێوەری هەڵسەنگاندن ، بەپێی سروشتی پۆست (ئیداری - هونەری) ، هەروەها بەپێی ئاستی ئیداری و بەگوێرەی پلە وەزیفیەکان. پێشبینیش دەکرێت کەوا بەم زووانە دەستبکرێت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ئەم سیستەمە لەسەر یەکێ لەبەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی وەزارەتی پلاندانان بۆ دلْنیا بوون پێش ئەوەی گشتاندنی بۆ بکرێت.

# بەڕێوەبەرایەتی گشتی
# کارگێڕی و دارایی

## ئەنجامدانی (41) دانیشتنی لێژنەی پۆلێنکردنی بەڵێندەران و پۆلێنکردنی (594) کۆمپانیا و بەڵێندەر

وەزارەتی پلاندانان لەرێگای بەرێوەبەرایەتی گشتی کارگێری و دارایی/ بەرێوەبەرایەتی پۆلێنکردنی کۆمپانیا و بەڵێندەران هەڵساوە بە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی گشت زانیارییەکانی پێویست بۆ لێژنەی پۆلێنکرنی بەڵێندەران سەبارەت بە: پۆلێنکردن ، بەرزکردنەوەی پلە ، دەرهێنان و خستنە لیستی رەش بۆ کۆمپانیا و بەڵێندەران بەپێی پەیرەوی ( نظام ) ژمارە 1ی ساڵی 2007 .
وە لە کارەکانی تری ئەو بەرێوەبەرایەتییە بریتییە لە نوێکردنەوەی ناسنامەی کۆمپانیا و بەڵێندەران و ئامادەکردنی داتای پێویست دەربارەی کۆمپانیا و بەڵێندەران بۆ فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم سەبارەت بە ژمارە و پسپۆری کۆمپانیا و بەڵێندەران لە هەرێمی کوردستان.
هەروەها لە دوو ساڵی رابردوودا لێژنەی پۆلێنکردنی بەڵێندەران هەڵساوە بە ئەنجامدانی (41) دانیشتن ، کە لە ئەنجامدا ئەم کارانەی جێبەجێکردووە:

- پۆلێنکردنی (594) کۆمپانیا و بەڵێندەر.
- تازەکردنەوەی ناسنامەی ( 529) کۆمپانیا و بەڵێندەر.
- بەرزکردنەوەی پلەی (71) کۆمپانیا و بەڵێندەر.
- خستنە لیستی رەش بۆ ( 16) کۆمپانیا و بەڵێندەر.
- پۆلێنکردنی لقی کۆمپانیا بیانییەکان (41) کۆمپانیا.
- پێداچوونەوەی نیزامی ژمارە (1)ی ساڵی 2007 پاش ئەوەی لەگەڵ شاندی بەغدا چەند دانیشتنێك ئەنجامدرا لە دیوانی وەزارەت ، وە هەڵسان بە گۆرانکارییەکی تەواو بۆ دەرکردنی سیستەمی نوێ بۆ پۆلێنکردنی بەڵێندەران تا ئەگەر بتوانرێت لە داهاتوویەکی نزیك دەربچێت.


دانیشتنەکانی لێژنەی پۆلێنکردنی کۆمپانیاو بەڵێندەران

# دەرکردنی دوو ڕێنمایی گرنگ لە بواری گرێبەستە گشتییەکان



لەژێر ڕۆشنایی بڕیاری ژمارە (1)ی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (15)ی ڕۆژی 2011/4/5 بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان دامەزراوە ، کە لە سەرەتای دەرچوونی فەرمانی دامەزراندنی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە هەوڵی تەواوی داوە بۆ دەرکردنی ڕێنمایی پێویست لە پرۆسەی تەندەرین و ئەنجامدانی گرێبەستە حکومییەکان ، وە بۆ ئەم مەبەستەش هەڵساوە بە وەرگرتنی ڕاوبۆچوون و تێبینییەکانی گشت وەزارەت و دەزگاکانی نەبەستراو بە وەزارەت و فەرمانگەکانی سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

لەو ماوە کورتەی دامەزراندنی بەڕێوبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان دوو ڕێنمایی سەرەکی دەرکردووە:

یەکەم: ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومییەکانی ژمارە 1ی ساڵی 2011 ، کە خۆی لە (24) مادده دەگرێتەوە ، کە بریتییە لە گشت ڕێکارەکانی (اجراءات) جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومییەکان.

دووەم: بریتییە لەو ڕێنماییانەی کە بەکاردەهێنرێت لە جیاتی نیزامی پۆلێنکردنی لقی کۆمپانیا بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان و خۆی لە (8) مادده دەگرێتەوە و (9) خشتەی سەرەکی بۆ هەڵسەنگاندنی کۆمپانیاکان لەخۆدەگرێت ، جگە لە پێوەرە سەرەکییەکانی هەڵسەنگاندنی باری کۆمپانیاکان لە بواری ئەزموونیان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە و هەبوونی کادری شارەزا و خاوەن ئەزموون و ئامێری پێویست و گونجاو ، سەرەڕای باری ئابوورییان لە ڕابردوو و ئێستادا.

جگە لە مانەی سەرەوە و سەرەڕای وەڵامدانەوەی گشت ئەو پرسیار و کەیسانەی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتییەکە دەکرێت لە بواری گرێبەست کردن (التعاقدات) و بەشداریکردن لە گشت کۆبوونەوە و سیمینارەکانی تایبەت بە بواری گرێبەستەکان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم. هەروەها ئەنجامدانی چەندین خولی جۆراوجۆر لە بواری گرێبەستەکان بۆ پەرەپێدان و پێگەیاندنی کادری وەزارەت و دەزگاکانی نەبەستراو بە وەزارەت.

## بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری پێویست دەربارەی شێوازی پۆلێنکردنی کۆمپانیاکانی تورکیا لیژنەی پۆلێنکردنی بەڵێندەران لە (9-11)/ 5/ 2011 سەردانی ئەو وڵاتەیان کرد




لە ڕۆژی 9/5/ 2011 لە شاری ئەنقەرە لە بارەگای تایبەتی خۆیان کۆبوونەوەیەك لەگەڵ سکرتاریەتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کاروباری بازرگانی دەرەوە Undersecretary of the Prime Ministry for Foreign Trade (UFT) General Director of Agreements ئەنجامدرا ، کە ئەرکییان سەرپەرشتیکردنی بازرگانی گشتییە لە دەرەوەی وڵات. وە پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە بارەگای (یەکێتی ڕاوێژکارانی ئەندازیاران) کۆبوونەوەیەکی تر لەگەڵ دەستەی ڕاوێژکارانی ئەندازیار و دیزاینکاری تورك Association of Turkish Consulting Engineers and Architects سازکرا ، کە ئەرکییان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری ئەندازیاری و چاودێریکردنی پڕۆژەکانی ناوەوە و دەرەوەی تورکیایە. وە لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا لە بارەگای ژووری بازرگانی ئەنقەرە **Chamber of** Commerce in Ankara کۆبوونەوەیەك لەگەڵ شاندێکی ئەم ژوورە ئەنجامدرا ، کە تیایدا باس لە بڕوانامەی ژوورەکەیان کرا و تیشك خرایە سەر ئەوەی کە ئەم بەڵگەنامەیە تەنها بۆ زانینی سەرمایە و جۆری چالاکی و ئەدرێس و پلەی بازرگانیەکەیتی ، کە ئەم پلەیەش بەپێی بڕی سەرمایەکەی دەگۆڕێت و هەڵسەنگاندنی شارەزایی تیادا نییە.

وە لە بەیانی ڕۆژی 2011/5/10 کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان ئەنجامدرا لەگەڵ شاندێکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن Ministry of Public Works and Settlement ، کە تیایدا بەڕێوەبەری گشتی و چەند کارمەندێکی تایبەت بە کاری بەڵێندەران و کۆمپانیاکان ئامادەبوون ، وە ئەم وەزارەتە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پڕۆژەکانی حکومەت ، وە بڕوانامەی تەواوکردنی پڕۆژە حکومییەکان لەم وەزارەتەوە دەردەچێت. وە لەپاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژدا کۆبوونەوەیەکی دیکە لەگەڵ ڕێکخراوی خاوەن کارانی تورکی Turkish Employer’s Association of Construction Industries (INTES)ئەنجامدا. ئەم ڕێکخراوەش ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنییە ، کە ئەرکی چاودێریکردنی کاری بەڵێندەرانە لە ڕووی ئەرك و مافەوە ، وە تا ئێستا نزیکەی (400) کۆمپانیا بوونەتە ئەندام تیایدا ، کە نزیکەی (250) لەم کۆمپانیایانە لە دەرەوەی تورکیا کاردەکەن و 95% ی ئەو پڕۆژانە لە تورکیا لەلایەن ئەو کۆمپانیایانە ئەنجام دەدرێت ، وە هەروەها ئەندامیشیان لە دەستەی سپاردنی پڕۆژەکانیشدا هەیە بە سیفەتی چاودێر (دەستەی سپاردنی پڕۆژەکان لە تورکیا کە دەستەیەکی تایبەتە بە ناوی دەستەی سپاردنی پڕۆژەکان کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی سپاردنی ( احالة ) ی پرۆژەکانە بە کۆمپانیاکان لەو وڵاتە.

سەر لە بەیانی ڕۆژی 11/5/ 2011 لە شاری ئەستەنبۆل کۆبوونەوەیەکی تر لەگەڵ دەستەی پەیوەندییەکانی ئابووری بیانی سەربەخۆ(Foreign Economic Relations Board (DEIK ئەنجامدرا ، کە ئەم دەستەیە سەرۆکایەتی یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی عێراقی - تورکی دەکات.

## پۆلێنکردنی 594 کۆمپانیا و بەڵێندەر ، تازەکردنەوەی ناسنامەی 529 ، بەرزکردنەوەی پلە 71 ، خستنە ناو لیستی ڕەش 16 ، پۆلێنکردنی 41 لقی کۆمپانیا بیانیەکان

| پۆلێنکردنی کۆمپانیا و بەڵێندەر | تازەکردنەوەی ناسنامە | بەرزکردنەوەی پلە | خستنە لیستی ڕەش | پۆلێنکردنی لقی کۆمپانیا و بیانیەکان |
|---|---|---|---|---|
| 594 | 529 | 71 | 16 | 41 |



# دەستەی

# ئاماری هەرێم

## پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەدانان وەك ئامادەكاری بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لە عێراق و هەرێمی كوردستان


ئامادەكاریەكانی ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لە عێراق و هەرێمی كوردستان

لە هاوینی 2009 دا وەكو ئامادەكارییەكانی پرۆسەی سەرژمێری گشتی دانیشتوان پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەدانان ئەنجامدرا ، بەهۆی دواخستنی سەرژمێری بۆ ساڵی دواتر ، لە هاوینی 2010 پرۆسەی نوێكردنەوەی گەمارۆسازی وە ژمارەدانان بەڕێوەچوو. ئەم كارەش وەكو سەرەتایەك و ئامادەكارییەكی بۆ پرۆسەی سەرژمێری گشتی دانیشتوان و نشینگەكان هەنگاوێكی پێویستە.

ئامانجی سەرەكی پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەدانان: بریتییە لە بەدەستهێنانی وێنەیەكی سەرەتای لەبارەی گشت ئەو شتانەی كە لە هەر شوێنێكدا هەن بۆئەوەی بتوانرێت لە ڕۆژی سەرژمێری گشت بابەتەكاندا كۆنترۆل بكرێت و هیچ شتێك و كەسێك لەبیر نەكرێت تەنانەت خێمەیەك یان ڕەشماڵێك لە دوورترین شوێن.

دەتوانرێت ئەنجامەكانی پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەدانان بەم شێوەیەی خوارەوە كورت بكرێتەوە:

- ژمارەی دانیشتوان
- ژمارەی خێزانەكان
- قەبارەی خێزان
- ڕێژەی شارنشینی و گوندنشینی
- ڕێژەی سەرۆكایەتی خێزان بەپێی ڕەگەزی سەرۆك خێزان
- ژمارەی بیناكان
- تەمەنی بیناكان
- مەبەستەكانی بەكارهێنانی بینا

- جۆرەکانی بینا (خانووەکان ، باڵەخانەکان ، دوکانەکان ، شوێنەکانی بازرگانی ، ...)
- پێکهاتەی بیناکان
- ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون
- ژمارەی خاوەندارە کشتوکاڵییەکان
- جۆرەکانی خاوەندارێتی کشتوکاڵی (ڕووەکی - ئاژەڵی)
- ژمارەی شوێنە بازرگانی و پیشەسازییەکان
- ژمارەی کرێکاران لە شوێنە تایبەتەکان
- جۆری کەرتی دامەزراوەکان (حکومی ، گشتی ، تایبەت ، تێکەڵاو ، هەرەوەزی ، بیانی، ...)


ئامادەکارییەکانی ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان

بێگومان هەبوونی ئەم زانیاریانە (هەرچەندە بە ڕێژەی 100% ڕاست و دروست نین) لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارێکی زۆر گرنگ و کاریگەرن بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کارە ئامارییەکان ، چونکە چوارچێوەیەکی گشتی لە هەموو بوارەکان بەدەستەوە دەدات. هەروەها دەکرێت لە ڕووپێوە ئامارییەکان سوودێکی یەکجار زۆریان لێوەربگیرێت بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی نموونەکان (samples) ، کە بە بناغە و بنچینەی هەر کارێك یان ڕووپێوێکی ئاماری هەژمار دەکرێت.

ئەوەی جێگای گرنگی پێدانە ئەوەیە ، كە لەبەرئەوەی ئەم زانیارییانە لەماوەی چەند ڕۆژێكدا كۆدەكرێنەوە ڕەنگە زۆرێك لە شوێنەكان لەو ڕۆژەی سەردانیان دەكرێت بە هەر هۆكارێك بێت كەسێك بۆ وەڵامدانەوە لەوێ نەبێت ، بۆیە ڕێژەی هەڵە لەم كارەدا تا ڕادەیەك بەرزترە لە ڕێژەی هەڵە لە خودی پرۆسەی سەرژمێری گشتی دانیشتوان. بەڵام لەبەرئەوەی پرۆسەیەكی گشتگیرە و وەكو ڕووپێوەكانی تری ئامار بەشێوەی نموونە وەرگرتن نییە ، بۆیە تا ڕادەیەكی زۆر پشتی پێ دەبەسترێت و زانیارییەكان وەكو بناغەیەك بەكاردێن.

لەبەرئەوەی چوارچێوەی كاری سەرژمێركار لە ڕۆژی سەرژمێری گشتی دانیشتوان لەسەر ئەنجامەكانی ئەم پرۆسەیە دیاریدەكرێت ، بۆیە گرنگە پرۆسەكە بەشێوەیەكی زۆر ڕێكوپێك و هەمەلایەنە بەڕێوەبچێت ، وە هەوڵ بدرێت هیچ شوێنێك بەدەر نەبێت لەم كارەدا و كارمەندانی ئەم پرۆسەیەش سەردانی هەموو شوێنێك بكەن.

بێگومان ئەگەر پرۆسەكە بەشێوەیەكی زانستییانەتر و بەشێوازێكی نوێتر بەڕێوەبچووبا ، دەكرا بۆ دیاریكردنی پۆست كۆدی ماڵەكان سوودی لێوەربگیرا با ، بەو پێیەش هەر ماڵێك و هەر شوێنێك بەپێی پۆست كۆدەكەی خۆی وەكو كۆدێكی تایبەت و تاك بۆی دیاری دەكرا و دەناسرایەوە. هەروەها دەكرا گشت شوێنەكانیش بە ئامێری GPS دەستنیشانكرابان ، كە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبووە هۆكارێكی سەرەكی بۆئەوەی هەموو ئەو بابەتانەی لەم پرۆسەیەدا كاریان لەسەر دەكرا لەسەر نەخشە دابەزێنرێن و بكرێنە ئەتڵەسێكی گشتگیر و هەمەلایەن.

نەبوونی ئەم دوو بابەتە گرنگە لەم پرۆسەیەی كە لە عێراقدا بەڕێوەچوو ، دوو كەموكوڕی بوون كە بەدیكران ، هەرچەندە لە سەرەتاوە هەوڵی بۆ درا ، بەڵام لەبەر تێچوونی پارەی زۆر و پێویست بوون بە كاتێكی زیاتر ئەم دوو هەنگاوە گرنگە لە پرۆسەكەدا لادران.


ئامادەكارییەكانی ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لە عێراق و هەرێمی كوردستان

# ڕووپێو و پرۆژەكان

## ڕووپێوی بارودۆخی كارو دەستپاكی كارمەندان لە كەرتی خزمەتگوزاری شارستانی لە عێراق
## (Survey on Working Conditions And Integrity of Civil Servants)

دەزگای ناوەندی ئامار و دەستەی ئاماری هەرێمی كوردستان هەوڵ دەدەن بۆ دەستەبەركردنی نیشاندەرەكان بەهەماهەنگیی لەگەڵ كۆمسیۆنی نزاهە و پرۆگرامی گەشەپێدان لە نەتەوە یەكگرتووەكان (UNDP). ئۆفیسی نەتەوە یەكگرتووەكان تایبەت بە مادده هۆشبەرەكان و تاوانـــەكان (UNODC) بەمەبەستی هەڵسان بە بەشداربوونی تەندروست لە كارەكان و دەستنیشانكردنی كێشەكان و هەڵسوكەوتە خراپەكان لەرێگای كاری فەرمانبەری و دامەزراوەكان بۆ دانانی شیكارەكان و چارەسەرییەكان بۆ بەدەستهێنانی كەشێكی پیشەیی لەگەڵ دڵنیایی بوون و ڕێزگرتن و بەرزڕاگرتنی هەستی لێپرسراوی هاوبەشەكان بۆ مەبەستی پاڵپشتیكردنی ڕێڕەوی پەرەپێدان.



ڕووپێوی بارودۆخی كارو دەستپاكی كارمەندان

## ڕووپێوی تۆڕی زانیاری عێراق
## Iraqi Knowledge Network (IKN)

ئەم ڕووپێوە تۆڕی زانیاری عێراقە ، كە بە (IKN) ناسراوە و كورتكراوەی ( Iraqi Knowledge Network)ە. ڕووپێوەكە لە ناوەڕاستی مانگی كانونی دووەمی ساڵی 2011 لە هەموو پارێزگاكانی عێراق و هەرێمی كوردستان دەستپێكرا. بڕیار وایە ئەم ڕووپێوە دووجار لەسەر یەك بەشێوەی ساڵانە ئەنجام بدرێت و دواتر دەرەنجامەكانیان لەگەڵ یەكتری بەراورد بكرێت.

مەبەستی سەرەكی لە ئەنجامدانی ئەم ڕووپێوە دەستكەوتنی چەند زانیارییەك بوو لەسەر هێزی كار ، ئاستی كارو بێكاری ، چۆنیەتی و چەندایەتی خۆراك ، خزمەتگوزارییەكان ، ئاستی خەرجییەكانی خێزان ، جۆری خەرجییەكان ، وە هەروەها چۆنیەتی حوكمڕانی دەسەلآت و ئاستی شەفافیەت و دەستپاكی.

ئەم ڕووپێوە دەتوانێت ئاستی بێكاری دەربخات ، كە بێگومان یەكێكە لە بابەتە گەرموگوڕەكانی ئەمڕۆ. هەروەها دەركەوتنی ئاستی بژێوی خەڵك و ئاستی ئەو خواردەمەنیانەی كە خەڵك بەگشتی بەشێوەی ڕۆژانە بەكاری دەهێنن وە دەتوانێت ببێتە بنەمایەك بۆ دانانی پلانی ئاسایشی خۆراك لەلایەن حكومەتەوە. بابەتێكی تری گرنگی ناو ئەم ڕووپێوە بابەتی حوكمڕانی و ئاستی ڕەزامەندی خەڵكە لە دەسەلآت لە ڕووی سیاسی و خزمەتگوزاریەوە.

## (ڕووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر - خولی چوارەم)
## Multiple Indicators Cluster Survey - MICS4

لە سەرەتای ساڵی نویَ خولەكانی ڕاهێنانی كارمەندانی مەیدانی و تۆماركاری زانیارییەكان لەسەر ئاستی هەردوو وەزارەتی پلاندانان/دەستەی ئاماری هەرێم و وەزارەتی تەندروستی بۆ كۆكردنەوەی زانیارییەكان لە 10230 خێزان لەسەر ئاستی هەرێم بەڕێوەچوو. ئەم ڕووپێوە تایبەتە بە باری تەندروستی ئافرەت و منداڵ. لایەنی ئەنجامدەر و هاوكار بۆ ئەم پڕۆژەیە ڕێكخراوی (UNICEF)ە ، هەروەها كاریگەری ئەم ڕووپێوە دەرچوونی باری تەندروستی و كۆمەڵایەتی ژن و منداڵ و چۆنیەتی ڕێكخستنی لەناو خێزانەكان بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی منداڵانی مردوو ، كە بە زیندویی لە دایكبوون و چۆنیەتی هەڵسوكەوت لەگەڵیان و بایەخدان بە منداڵبوون و چاودێریكردنیان. ئەمانەش 21 نیشاندەری MDGن واتە نیشاندەرەكانی هەزارەی سێیەمی نێودەوڵەتی.





ڕووپێوی هێشــــوویی فره نیشاندەر

# ڕووپێوی (I-WISH)
## Integrated Health and Social Condition of Iraqi Women



ڕووپێوی I-WISH

دەستەی ئاماری هەرێم بەهەماهەنگیی لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئاماری بەغدا لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی هەرێم بەهاوکاری سندوقی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕووپێوێك سەبارەت بە بارودۆخی تەندروستی کۆمەڵایەتی ئافرەتی عێراق ئەنجامدا.

ئامانجی ئەم ڕووپێوە: بریتییە لە لێکۆڵینەوەی بارودۆخی ئافرەتان و ئەو هۆکارانەی کە تووشی ئافرەتان دەبێت بەدرێژایی قۆناغەکانی ژیانیان لەوکاتەی دەچێتە قۆناغی هەرزەکاری و قۆناغی منداڵبوون و قۆناغی پیری ، تاوەکو قۆناغی پەککەوتەیی لەپێناو ناساندنی ئەو سروشتەی کە کاریگەری لەسەر ژیانیان دروست دەکات لە هەریەك لەم قۆناغانەدا .

ئەم ڕووپێوە تاکە ڕووپێوەکە دیاریدەی توندوتیژی دژی ئافرەتان دەردەخات ، وە هەروەها چەندین نیشاندەری توندوتیژی نیشان دەدات کە دژی ئافرەتان بەکاردێت.

ئەنجام و سوودەکانی چاوەڕوانکراو لەم ڕووپێوەدا دابینکردنی بنچینەیەکی زانیاری گشتییە بۆ دەرخستنی وێنەیەکی ڕاست ، کە ئافرەتان بەدەستیەوە دەناڵێنن لە گرفتەکان و ڕێگری کردنیان لەو کارانەی کە مافی خۆیانە بەشداربن لە ئاستی خوێندن و تەندروستی ، ئەم داتایانەش دەبنە خاڵی سەرەتا بۆ گەڕان و شیکردنەوە بۆ خوێنەران و ئەوانەی گرنگی بە کاروباری ئافرەتان دەدەن ، وە هەروەها باشکردنی ڕۆڵیان لە ژیاندا بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی ئافرەتانی عێراق و هەرێم.

## ڕووپێوی بەراوردییەکانی نێودەوڵەتی - (مسح المقارنات الدولية) (ICP)

ئەم ڕووپێوە لەلایەن ڕێکخراوی (Economic and Social Commission for (ESCWA Western Asia و بە سەرپەرشتی بانکی جیهانی هاوکاری دەکرێت ، ئەم ڕووپێوەش لە 170 وڵاتی جیهان بەڕێوەدەچێت. لەم پرۆگرامەدا لە کیشوەری ئاسیا (الاسکوا) (14) وڵات بەشداری دەکەن. لە عێراقیش پارێزگای هەولێر وەك نموونە وەرگیراوە و 8 پارێزگای تری عێراقیش بەمەبەستی بەراوردکردنی نرخەکان لەم پارێزگایانەی عێراق لەگەڵ یەکتر و عێراقیش لەگەڵ گشت وڵاتان ، ئەم ڕووپێوەش بەشێوەی وەرزی ئەنجام دەدرێت. تا ئێستا کارەکان لە قۆناغی وەرزی سێیەم دایە ، لایەنی سوودمەند لەم ڕووپێوە وەزارەتی پلاندانانە. مەبەستی سەرەکی هەژمارکردنی توانای کڕین و خەرجکردنی خێزانە (House Hold Cost HHC) ، هەروەها هەموو بابەتەکانی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی گشتی کە نرخی 894 جۆری کاڵایە لەخۆدەگرێت.

### ڕووپێوی قاوەخانەکانی ئەنتەرنێت

ئەم ڕووپێوە بۆ یەکەم جار لە هەرێم ئەنجامدرا. مەبەستیش لە ئەنجامدانی ئەم ڕووپێوە دەستکەوتنی زانیاریی لەسەر ژمارەی قاوەخانەکان و بەکارهێنەرانی ئەنتەرنێت و ماڵە بەشداربووەکان لەم سیستەمەدا وە هەروەها هێزی کار و داهاتیانە لەم شوێنانەدا لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم.

### ڕووپێوی ئوتێلەکان

ئەم ڕووپێوە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێم و دەستەی گشتی گەشتوگوزار ئەنجامدراوە.

ئامانجەکانی ئەم ڕووپێوەش بریتین لە:

- دەرکەوتنی ژمارەی کرێکارانی کارکردو لە ئوتێلەکان.
- دەرکەوتنی ژمارەی ئوتێلەکان بەپێی پلە و پارێزگاکان لە هەرێم.
- ژمارەی میوانەکان بەپێی ڕەگەزیان.
- ژمارەی ژووری خەوتن و تەخت لە ئوتێلەکان.
- داهات و خەرجی لە ئوتێلەکان.

### ڕووپێوی ژینگە بۆ کەرتی خزمەتگوزاری شارەوانی 2010

ئەم ڕووپێوە لەلایەن دەزگای ناوەندی ئامار لە بەغدا و دەستەی ئاماری هەرێم هەروەها بەهاوکاری و

پاڵپشتی (ڕێکخراوی یونیسیف) ئەنجامدرا. بەئامانجی زانینی هەموو کێشە و کەموکوڕیەکانی کەرتی شارەوانی و ئاو و ئاوەڕۆ لە هەموو پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان. لە 2011/9/22 ڕاگەیاندنی دەرەنجامی ڕاپۆرتی کۆتایی بۆ رووپێوی ژینگە بۆ خزمەتگوزاری شارەوانی لەسەر ئاستی پارێزگاکانی عێراق لە وەزارەتی پلاندانانی عێراق لە بەغدا بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم و ئەندامانی لێژنەی باڵا و هونەری لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو. ئێستاش دەرچوونی هەمان ڕاپۆرت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لەدوایین قۆناغدایە کە لە دەستەی ئاماری هەرێم دەردەچێت.



## پارمەتیدانی وەزارەتی پێشمەرگە لەلایەن بەشی GIS

پاش تۆپبارانکردنی سنوری هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکیا و ئێران وەزارەتی پێشمەرگە داوای لە دەستەی ئامار کرد ، کە چەند نەخشەیەکی تایبەتی هەرێمی کوردستانیان بۆ کۆپی بکرێت ، بۆیە نزیکەی 350 نەخشە بۆ وەزارەتی ناوبراو کۆپی کرا لەگەڵ پێدانی زانیاری پێویست.

## پرۆژەی زێی گەورە

پرۆژەی زێی گەورە یەکێکە لەو پرۆژە گەورانەی کە پرۆژەیەکە پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان پیشان دەدات ، هەروەها لەرێی ئەو پرۆژەیەوە دیارترین ڕێگا بۆ سوود وەرگرتن لەو زێیە بۆ هەرێمی کوردستان پیشان دەدات. ئەم پرۆژەیەش جێبەجێ دەکرێ لەلایەن چوار کۆمپانیای فەرەنسی و چوار وەزارەتی هەرێم ، کە یەکێك لەو وەزارەتانە وەزارەتی پلاندانانە ، دەستەی ئاماریش نوێنەرایەتی وەزارەتی پلاندانان دەکات. دەستەی ئاماریش بە دروستکردنی نەخشەی پرۆژەکە و پێدانی زانیاری پێویست لەسەر دانیشتوان بەشداری دەکات ، هەروەها بەشداریکردن لە زۆربەی کۆبوونەوە و ووركشۆپەکانیش .

## پرۆژەی دامەزراندنی 25000 فەرمانبەر لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای پەسندکردنی بودجەی حکومەتی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ساڵی 2011 بڕیاریدا ، کە دامەزراندنی فەرمانبەران لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم جێبەجێ بکرێت ، بۆیە لە هەر پارێزگایەك بەڕێوەبەراتی ئاماری پارێزگاکان هەستاون بە دروستکردن و ڕێکخستنی فۆرمێك و دابەشکردن لەسەر هاووڵاتییان و وەرگرتنەوەی فۆرمەکان و تۆمارکردنی زانیارییەکان لەسەر داتابەیسی تایبەت بەم پرۆژە و دەرچوواندنیان لەسەر بنەمای پێوەرەکان ، کە ئەنجوومەنی پارێزگاکان بڕیاری لەسەر دابوو ، پرۆژەکەش ئێستا بەردەوامە و کۆتایی نەهاتووە.

## ڕووپێوی پڕۆژەی لامەرکەزی بۆ عێراق

لێژنەی ئابوری و کۆمەلایەتی ڕۆژئاوای ئاسیا (الاسکوا) و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوەیکگرتووەکان-ئۆفیسی عێراق بە هاوکاری لەگەل هاوبەشە نیشتمانیەکان ڕووپێوێکی مەیدانی گشتگیریان ئەنجام دا لە بارەی بارەدۆخی ئێستای لا مەرکەزی و دەسەلاتی ناوخۆیی لە عێراق

.

مەبەستی سەرەکی ئەم ڕووپێوە دروستکردنی تێگەیشتنی هاوبەش بوو ، کە هەلقولابێ لە ڕەوشی ئێستا بۆ چوارچێوەی یاسایی هەنووکەیی ، کە دەسەلاتی ناوخۆیی لە عێراق بەڕێوەدەبات. وە هەروەها ئەم ڕووپێوە هەلسەنگاندنی پێکهاتەی دام و دەزگا و سەرچاوە مرۆییەکان و چۆنیەتی پێشکەشکردنی خزمەت گوزارییەکان لە هەموو پارێزگاکانی عێراق لەخۆدەگرێت و لەگەلٚ ئەوانیش پارێزگاکانی هەرێم. هەروەها گرنگییەکی تایبەت درا بە پێکهاتەی حکومەتی ئەلکترۆنی وەك هۆکارێك بۆ باشترکردنی توانای حکومەت بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری.

ڕووپێو و شیکردنەوەی بارودۆخی ئێستای لامەرکەزی ئەم خالانەی خوارەوەی لەخۆگرت و سەرکەوتووش بوو لە دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی سەرکەوتن و کەموکوڕیەکان لە نموونەی لامەرکەزی حکومەتی عێراقی ، هەروەها چەند ڕێنمایی و پێشنیارێکی بەهێزی خستەڕوو بۆ برەودان بە دام و دەزگاکان کە ئەمانە لەخۆدەگرێت:

پێکهاتەی یاسادانان و جێبەجێکردن بۆ کارپێکردنی لامەرکەزی ، ووردبینی لەو یاسایانەی کە پەیوەندی پێیەوە هەیە وەك دەستور ، یاسایی پارێزگاکان و یاسایی خزمەتی شارستانی و یاسایی دارایی لەخۆدەگرێت. سەرەڕای ئەو کارانەی کە ئیشی پێ دەکرێ.

هەلسەنگاندنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و پەیوەندی نێوان ناوەندی و خۆمالی ، کە پەیوەندی هەیە بە پلان و جێبەجێکردن و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەسەلاتە ناوخۆیەکان ، هەروەها برەودان بە دۆسیەی پارێزگاکان لەڕێی دەرکردن و شیکردنەوەی نیشاندەری کۆمەلایەتی و ئابوورییەکان ، وە نیشاندەری حکومەت لە هەرهەژدە پارێزگاکانی عێراق.

## ڕووپێوی پرۆژەكانی نارێكخەر (غیر منظم) بۆ كەرتی پیشەسازی (زۆر بچووك /بچووك /مامناوەند)

ڕووپێوی پرۆژەكانی پیشەسازی ( زۆربچووك و بچووك و مام ناوەندی ) لە كەرتی (غیر منظم) لەم ڕووپێوەدا چەند پارێزگایەكی عێراق هەڵبژێردران لە هەرێمی كوردستانیش پارێزگای هەولێر لە سامپلەكە دا هەلبژێردرا ، لەساڵی 2011 بەهاوكاری نوسینگەی نەتەوەیەكگرتوەكـــان، بـــەهاوكاری (UNOPS) ، وە هەروەها بەهەماهەنگیی كۆمپانیای ڕاوێژكاری یاسایی عێراقی ئەنجامدرا.

- ئامانج لەم ڕووپێوە بریتی بوو لەگەشەپێدانی كەرتی تایبەت و دیاریكردنی بارودۆخیان و گەشەپێدانیان.
- دەستكەوتنی زانیاری ئابووری و كۆمەڵایەتی كەرتی تایبەت.
- زانینی هەلی كار.
- زانینی ئاستی هەژاری و دیاریكردنی چوارچێوەیەكی یاسایی بۆ قەبارەی وەبەرهێنانی ناوخۆیی.

## بەرنامەی چاكسازی و پێشخستن لە سیستەمی ئامار لە عێراق و هەرێم لەگەڵ ئاژانسی United Nations Population Fund (UNFPA)

ئەم ئاژانسە هەڵدەستێت بە دانانی بەرنامەیەكی چڕوپڕ بۆ پێشخستن و چاكسازی لە سیستەمی ئـامـار لەسەر بنەماكانی نێودەوڵەتی ، بۆ ئەم مەبەستەش تاكو ئێستا (4) وۆركشۆپ ئەنجامدراوە لـە دەرەوە و ناوەوەی هەرێم ، كە بەبەشداری چەندین شارەزای نێودەوڵەتی.

وەبڕیاریشە بۆ (3) ساڵ ئەم كارە تەواو بكرێت ، كە كاری سەرەكی بەستنەوەی هـەمـوو بـەشـەكـانـی ئامارە بە تۆڕی ئەلیكترۆنیەوە لە هەموو وەزارەتەكان بە دەستەی ئامار و ئاماری ناوەندی عێراق ، وە لەسەر سایتی هەردوولا زانیارییەكان هەبێت و كراوە بێت بۆئەوەی هەموو لایەك سوودی لێوەربگرن.

وە بۆ ساڵی 2012 ش زیاتر لە (40) خولی ڕاهێنان ئەنجام دەدرێت لەسەر هەموو بابەتەكانی ئـامـار بۆ ڕاهێنان و بەهێزكردنی كارمەندەكانی بە سیستەم و پێوەری نێودەوڵەتی تایبەت بە ئامار .

## ڕووپێوى كانگاكان

دەستەى ئامارى هەرێمى كوردستان دەستى كرد بە جێبەجێكردنى ڕووپێوى كانگاكان بۆ كەرتى تايبەتى بۆ ساڵى 2009 بۆ پارێزگاكانى هەرێمى كوردستان بە هاوكارى و هەماهەنگيى دەزگاى ناوەندى ئامار لە مانگى حوزەيرانى ساڵى 2010 وە.

ئامانجى ئەم ڕووپێوەش لە كەرتى پيشەسازى ، كەرتى وەبەرهێنان لە پێشەنگى كەرتەكانى كۆى ئابوورى نەتەوەيى هەژمار دەكرێ ، هەر پێشكەوتنێك لەم بوارەدا بەماناى پێشكەوتنى ئابوورى نەتەوەيى دێت ، دواى شيكردنەوە و كۆكردنەوەى زانياريەكانيش ئەم نيشاندەرانە دەستكەوتن:

- نيشاندەرى تايبەت بە ژمێريارى نەتەوەى كە بەرهەمى ناوخۆيى ئەم كەرتە دەنوێنێ
- كەل و پەل و ئالياتى جێگر (موجودات ثابتة)
- دروستكردنى سەرمايە (تكوين رأس المال)
- كرێى كرێكار (الأجور المدفوعة)
- ژمارەى كرێكار (عدد المشتغلين).

بەمەبەستى هەژماركردنى بەرهەم هێنەرەكانى ناوخۆيى بۆ ئەم كەرتە ، وە ماوەى بەشداريكردنيان لە كۆى بەرهەمى ناوخۆيى لە كوردستان ، ئەم داتا و نيشاندەرە ئامارييانەى كە دەست كەوتوون لەم ڕووپێوەدا سامانێكى ئامارييە دەتوانرێت سوودى لێوەربگيرێت بۆ ماوەيەكى زۆر بەمەبەستى پلاندانان و گەشەپێدان .


ڕووپێوى كانگاكان

## ڕووپێوی
## ئالیات و کەرستەکانی بیناسازی




دەزگای ناوەندی ئاماری بەغدا بەهەماهەنگیی لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێم بە نیازە ڕووپێوێك سەبارەت بەو ئالیات و کەرەستانەی لە بواری بیناسازیدا بەکاردەهێنرێن ئەنجام بدات. ئەم ڕووپێوە لە قۆناغی تۆمارکردندایە ، کە تایبەتە بە ڕووپێوی ئالیات و کەرەستەکانی بیناسازی بەهەماهەنگیی لەگەڵ دەزگای ناوەندی بەغدا و بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگاکانی هەرێم.

ئامانج لەم ڕووپێوە وەرگرتنی داتا و زانیارییەکانی ئامارییە سەبارەت بە ئالیات و کەرەستەکانی بیناسازی لە کەرتەکانی تایبەتی و گشتی ، هەروەها کەرتەکانی تایبەت بە بەڵێندەرایەتی و نوسینگەکانی بە کرێگرتن و کڕین و فرۆشتن لە بواری بیناسازی ئەم ڕووپێوە ئەنجام دەدرێت. داتا و زانیاییەکانیش بۆ ژمێریاری نەتەوەیی بەکاردەهێنرێن. لایەنی سوودمەندیش لەم ڕووپێوەدا وەزارەتی پلاندانان و دەستەی ئاماری هەرێم و دەزگای ناوەندییە.

### ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی ڕووپێوی ئابووری و کۆمەڵایەتی خێزان لە عێراق

### Iraqi Household Socio Economic Survey
### (IHSES)

جێبەجێکردنی ڕووپێوی ئابووری و کۆمەلایەتی خولی دووەم کە پێشتر لەساڵی 2007 ئەنجامدرابوو بەهاوکاری لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئامار لە عێراق و پاڵپشتی بانکی جیهانی ، هەروەها بەرەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان ، بەو ئامانجەی لەم خولەدا بتوانرێت ڕاپۆرتێکی کۆتایی بۆ هەرێمی کوردستان بەجیا دەربچێت و هێلی هەژاری و هەموو نیشاندەرە سەرەکییەکان و سەبەتەی نوێی کەرەستەکان بۆ هەژمارکردنی ژمارە پێوانەییەکان دەستنیشان بکرێت.

# دەستەی

# پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری

## واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ
## کۆمپانیای پشکێنەری (SGS) سویسری و (BV) فەرەنسی

یەکێك لە گرنگترین ئەو کارانەی کە وەزارەتی پلاندانان ئەنجامیدا لەرێگەی ئەم دەستەیە واژوکردن بوو لەسەر گرێبەستی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای پیشکێنەری بیانی (SGS)ی سویسری و (B.V)ی فەرەنسی بۆ پشکنینی کەل و پەلە هاوردەکراوەکان لە ولاتی سەرچاوەیان ، کە لە رێکەوتی 2011/11/16 بە ئامادەبوونی راوێژکاری بەرێز وەزیری پلاندانان (د.صباح تۆما ) و سەرۆکی دەستە واژوی لەسەر کرا.


واژوکردنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای پشکێنەری (SGS) سویسری و (B.V) فەرەنسی

### گرنگترین ئامانجەکانی ئەم گرێبەستە بریتی بوون لە:

- ئەو کەل و پەلانەی هاوردە دەکرێن بەپێی تایبەتمەندی باوەرپێکراو کە رێگەی پێدراوە.
- ئاسانکاری بۆ پرۆسەی رێگەپێدان لە دەروازە سنوریەکان بۆ کەمترین کات بۆ بارە هاتووەکان.
- کەمکردنەوەی حالەتەکانی دووبارە ناردنەوەی بەرهەمەکان بەهۆی خراپی جۆریان بۆ دەرەوەی ولات یان لەناوبردنیان لەناوەوەی ولات.
- رێگەگرتن لە بوونی هەندێك پێکهاتەی رێگە پێنەدراو کە لە جیهان قەدەغە کرابێت .
- پاراستنی مافی هاوردەکاران ئەوانەی بە بەرپرسیاریەتی کاری خۆیان هەڵدەستن لە بەرامبەر ئەو هاوردەکارانەی ، کە هەوڵی هێنانی جۆرە خراپەکان دەدەن .
- دانانی سنورێك بۆ سیاسەتی خنکاندنی بازارەکان بە کەل و پەلی هاوردەکراو و جۆری خراپ ، کە بۆتە هۆی گرفتی پرۆسەی وەبەرهێنان لە بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی لە ناوخۆی ولات.

وە بریاریشە لە 2012/1/15 دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری بە بەرپرسیاریەتی خۆی هەڵبستێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆگرامە لە هەرێمی کوردستان.





## ئەنجامدانی کاری دیکە

- نووسینی (Quality manual) بۆ دەستە.
- بەشداربوونی هەرێمی کوردستان لە پێدانی تێبینی و ڕای خۆی دەربارەی ڕەشنووسی تایبەتمەندی عێراقی.
- کۆکردنەوەی گشت تایبەتمەندییەکانی عێراقی و ڕەشنووسەکانی.
- دانانی میکانیزم بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیا و تاقیگە ، کە لە سەرەتا دادەمەزرێن وە پێدانی بڕوانامەی کارکردن.
- دانانی سیستەمی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی کارو چالاکییەکانی فەرمانبەران و سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی.

## ئەنجامدانی پشکنینەکانی (بایۆلۆجی و کیمیاوی و فیزیاوی) لە مەوادی جوانکاری و پاککەرەوە و جگەرە

وەزارەتی پلاندانان لەرێگای دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری هەڵساوە بە ئەنجامدانی پشکنینەکانی (بایۆلۆجی و کیمیاوی و فیزیاوی) بۆ گشت ئەو نموونانەی کە لە دەرەوەی وڵات هاوردە دەکرێن لە ( مەوادی جوانکاری و پاککەرەوە و جگەرە) لەرێگای تاقیگەی ناوەندی دەستە بە بەکارهێنانی ئامێری پێشکەوتوو ، وە کارمەندی پسپۆری تایبەت کە بەشداریان کردووە لە خولی فێرکردن لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی پشکنینەکان لە دەرەوەی وڵات وەك (لوبنان و ئوردن) بە بەکارهێنانی (Method)ی باوەرپێکراوی جیهانی وەك (ISO و AOAC) پاڵپشت بە تایبەتمەندی عێراقی بۆ شیاوی نموونەکان ، کە بەگوێرەی ئەو تایبەتمەندیانە بێت. لەو ماوەیەدا (31,338) پشکنینی بایۆلۆجی شیاو ئەنجامدراوە ، وە (154)ی نەشیاو بوو وە پشکنینەکانی فیزیاوی شیاو (5687) پشکنین بوو ، کە (82)ی نەشیاو بوو ، وە پشکنینەکانی کیمیاوی شیاویش ( 5853 ، وەهەروەها (513)ی نەشیاو.

# بەڕێوەبەرایەتی گشتی
# پلانی بودجەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان

## پلاندانانی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی حکومی و ئەرشیف کردنی سەرجەم داتا و زانیارییەکانی تایبەت بە پرۆژەکان و کاری دیکەی پەیوەندار

بەرێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی حکومی ، یەکێکە لە دامەزراوە گرنگەکانی وەزارەتی پلاندانان بۆ بەرێوەبردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وە ناوەندێکی سەرەکی سەرپەرشتیکردنی پلاندانانی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی کەرتی گشتییە لە وەزارەتی پلاندانان.

وەزارەتی پلاندانان لەرێگای ئەم بەرێوەبەرایەتییە گشتییە ساڵانە لە چوارچێوەی ئەرك و چالاکییە گرنگەکانی خۆیدا هەڵدەستێ بە پلاندانانی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی حکومی و دابەشکردن و ڕێزبەندیکردنیان بەپێی گرنگی ئابووری و کۆمەڵایەتی ، وە لەسەر بنەمای سروشتی جوگرافی و ڕێژەی دانیشتوان و ئاستی خواستی خزمەتگوزارییەکان بەسەر سەرجەم پارێزگا و قەزا و ناحیە و گوندەکانی هەرێمدا لە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنێکی زانستیانە و بابەتیانەی پرۆژەکان ، کە لەلایەن وەزارەتەکان یان پارێزگاکانی هەرێمدا پێشنیاردەکرێن لە هەموو بوارەکانی (وەبەرهێنان و بیناسازی و خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکان) ، هەروەها دانان و تەرخانکردنی بودجە بۆیان لە چوارچێوەی بەرکەوتەی بودجەی وەبەرهێنان لە بودجەی گشتیدا .

وێڕای بەدواداچوونی پرۆژەکان لە بواری دارایی و خەرجییەکان و قۆناغەکانی جێبەجێکردن و ئەو گۆڕانکاریانەی لە پلانی پرۆژەکانی وەزارەتەکاندا دێنەکایەوە، هەڵسان بە ئەنجامدانی کاری پێویست بۆیان لەژێر ڕۆشنایی یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە جێبەجێکردنی پرۆژەکان و ئەو هەماهەنگییە بەهێز و پتەوەی هەیەتی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران.

ئەو بەرێوەبەرایەتییە گشتییە وێڕای ئەرك و کارە سەرەکییەکانی هەڵساوە بە ئەرشیفکردنی سەرجەم داتا و زانیارییەکانی تایبەت بە پرۆژەکان بە ئامانجی شیکاریکردنی زانستییانەی ژمارە و داتاکان لەپێناو بە سیستەمکردنی پرۆسەی ئەنجامدانی پرۆژەکان لە ئێستا و داهاتوودا.

وە لە گرنگترین ئەو کارو چالاکییانەی کە ئەنجامی داوە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بریتی بووە لە ڕێکخستن و ئامادەکردنی پرۆژە بەردەوام و پێشنیارەکانی وەزارەتەکان و پەرەپێدانی پارێزگاکان و تایبەتی نەوت ، کە بەشێوەی خشتە لە خوارەوە خراونەتەڕوو بەپێی پارێزگا و گۆزمەی پێویست و ژمارەی پرۆژەکان بۆ هەر پارێزگایەك.

## خشتەی ژمارە (1) ژمارە و گوژمەی پێویستی پرۆژە بەردەوام و پەسندکراوەکان / بەپێی ساڵ بە ملیۆن دینار

| ناوی پرۆژە | ساڵ | ژمارەی پرۆژە | هەرێم (گوژمەی پێویست) بە ملیۆن دینار | ژمارەی پرۆژە | پارێزگای هەولێر (گوژمەی پێویست) بە ملیۆن دینار | ژمارەی پرۆژە | پارێزگای سلێمانی (گوژمەی پێویست) بە ملیۆن دینار | ژمارەی پرۆژە | پارێزگای دهۆك (گوژمەی پێویست) بە ملیۆن دینار | کۆی گشتی: ژمارەی پرۆژە | کۆی گشتی: کۆی گشتی گوژمەی پرۆژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پرۆژە بەردەوامەکان | 2010 | 25 | 165,328 | 421 | 1,013,995 | 827 | 1,111,522 | 164 | 140,971 | 1437 | 2,431,816 |
| پرۆژە پەسندکراوەکان | | 28 | 46,710 | 189 | 290,392 | 199 | 274,718 | 278 | 375,008 | 694 | 986,828 |
| کۆی گشتی هەر پارێزگایەك | | 53 | 212,038 | 610 | 1,304,387 | 1026 | 1,386,240 | 442 | 515,979 | | |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | 2,131 | 3,418,644 |
| پرۆژە بەردەوامەکان | 2011 | 52 | 124,895 | 789 | 1,048,893 | 1092 | 1,167,946 | 527 | 529,467 | 2460 | 2,871,201 |
| پرۆژە پەسندکراوەکان | | 41 | 64,704 | 235 | 373,450 | 337 | 532,258 | 154 | 310,387 | 767 | 1,280,799 |
| کۆی گشتی هەر پارێزگایەك | | 93 | 189,599 | 1,024 | 1,422,343 | 1,429 | 1,700,204 | 681 | 839,854 | | |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | 3227 | 4,152,000 |

خشتەی ژمارە (1) ، سەرجەم پرۆژە بەردەوام و پێشنیارەكانی وەزارەتەكانی حكومەتی هەرێم دەخاتەڕوو لەساڵی 2010 كە تێكڕای پرۆژەكانی بریتیی بوون لە (2131) پرۆژە ، وە سەرجەم گوژمە پێویستەكەی بریتیی بوو لە (3,418,644) تەنها سێ تریلیۆن و چوارسەد و هەژدە ملیار و شەش سەد و چل وچوار ملیۆن دینار. ئەم گوژمەیە دابەش دەبێت بەسەر دوو جۆری پرۆژەی ئاماژەپێكراو ( بەردەوامەكان و پێشنیاركراوەكان ) لە هەمان ساڵدا ، وە بەركەوتووی هەر یەكەیان بریتییە لە:

### یەكەم / پرۆژە بەردەوامەكان:

كە تێكڕای پرۆژەكانی دەگاتە (1437) پرۆژە و سەرجەمی گوژمەی پێویستییان دەگاتە ( 2,431,816) تەنها دوو تریلیۆن و چوارسەد و سی و یەك ملیار و هەشت سەد و شانزە ملیۆن دینارە , كە ئەم گوژمەیە دابەشكراوە بەسەر سەرجەم پارێزگایەكانی هەرێمدا.

### دووەم / پرۆژە پێشنیاركراوەكان:

كە تێكڕای پرۆژەكانی دەگاتە (694) پرۆژە و سەرجەمی گوژمەی پێویستیان دەگاتە (986,828) تەنها نۆسەد و هەشتا و شەش ملیار و هەشت سەد و بیست و هەشت ملیۆن دینارە ، كە دابەشكراوە بەسەر سەرجەم پارێزگاكانی هەرێمدا. كە لە خشتەكەدا بەركەوتەی هەر پارێزگایەك خراوەتە ڕوو لەگەڵ ژمارەی پرۆژەی هەر یەكەیان.

هەروەها لەساڵی 2011 بڕی گوژمە و ژمارەی پرۆژە بەردەوام و پێشنیاركراوەكان سەرجەمیان بریتییە لە (3227) پرۆژە ، وە تێكڕای گوژمەی پێویستییان (4,152,000) تەنها چوار تریلیۆن و سەد و پەنجا و دوو ملیار دینارە. كە بەم شێوەیە دابەشكراوە بەسەر پرۆژە بەردەوام و پێشنیاركراوكان.

### یەكەم / پرۆژە بەردەوامەكان:

كۆی پرۆژەكانی (2460) پرۆژەیە ، وە سەرجەمی گوژمەی پێویستی (2,201,871) تەنها دوو تریلیۆن و هەشت سەد و حەفتا و یەك ملیار و دووسەد و یەك ملیۆن دینارە ، وە پشكی هەر پارێزگایەك لە خشتەكەدا دەستنیشان كراوە.

### دووەم / پرۆژە پێشنیاركراوەكان:

سەرجەم پرۆژەكانی (767) پرۆژەیە ، وە تێكڕای گوژمەی پێویستیان (1,280,799) تەنها یەك تریلیۆن و دووسەد و هەشتا ملیار و حەوت سەد و نۆوەد و نۆ ملیۆن دینارە ، كە هەر پارێزگایەك گوژمە و پشكی لە پرۆژەكان لەخشتەی ژمارە (1) دا خراوەتە ڕوو .

خشتەی ژمارە (2) گۆژمە و ژمارەی پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان / بەپێی ساڵ بە ملیۆن دینار

| ناوی پارێزگا | ساڵ | ژمارەی پرۆژە | کۆی گۆژمە بە ملیۆن دینار |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 2010 | 63 | 61,997 |
| سلێمانی | | 127 | 97,281 |
| دهۆك | | 62 | 39,288 |
| کۆی گشتی لەساڵی 2010 | | 252 | 198,566 |
| هەولێر | 2011 | 362 | 105,000 |
| سلێمانی | | 285 | 123,000 |
| دهۆك | | 167 | 70,000 |
| کۆی گشتی لەساڵی 2011 | | 814 | 298,000 |

خشتەی ژمارە (2) پرۆژە پەسندکراوەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێم پیشان دەدات ، کە بریتین لە پرۆژەکانی خزمەتگوزاری بنەڕەتی وەك ( ڕاکێشانی تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆ و قیرتاوکردنی شەقامە ناوخۆییەکان ....هتد ) دەگرێتەوە. کە کۆی گشتی گۆژمەی پەسندکراوی لەساڵی 2010 دەگاتە (198,566) تەنها سەد و نۆوەد و هەشت ملیار و پێنج سەد و شەست و شەش ملیۆن دینارە ، وە تێکرای ژمارەی پرۆژەکانی (252) پرۆژەیە .

خشتەی ژمارە (3) گۆژمە و ژمارەی پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان / تایبەت (پترۆل ) بەپێی ساڵ بە ملیۆن دینار

| ناوی پارێزگا | ساڵ | ژمارەی پرۆژە | کۆی گۆژمە بە ملیۆن دینار |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 2010 | 117 | 53,300 |
| سلێمانی | | 109 | 79,990 |
| گەرمیان | | 39 | 21,790 |
| دهۆك | | 82 | 86,447 |
| کۆی گشتی لەساڵی 2010 | | 347 | 241,527 |
| هەولێر | 2011 | 252 | 102,000 |
| سلێمانی | | 176 | 115,611 |
| گەرمیان | | 38 | 17,624 |
| دهۆك | | 262 | 69,384 |
| کۆی گشتی لەساڵی 2011 | | 728 | 304,619 |



کۆبوونەوەکانی تایبەت بە ئامادەکردنی پلانی بودجەی وەبەرهێنان

خشتەی ژمارە (3) بڕی گوژمە و ژمارەی پرۆژەکانی پەسندکراوی ساڵی 2010 پلانی ئامادەکراوی ساڵی 2011 ، پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێم لەسەر بودجەی نەوت/دووەم پیشان دەدات کە بەم شێوەیەی خوارەوە هاتووە:

- تێکڕای بودجەی پەرەپێدانی ساڵی 2010 بریتییە لە (241,527) تەنها دووسەد و چل و یەك ملیار و پێنج سەد و بیست و حەوت ملیۆن دینارە ، کە پشکی هەر پارێزگایەك دیاریکراوە بەپێی خشتەی ژمارە (3).
- تێکڕای بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان / پترۆل (2) لەساڵی 2011 بریتییە لە (304,619) تەنها سێ سەد و چوار ملیار و شەش سەد و نۆزدە ملیۆن دینارە ، کە کۆی گشتی پرۆژەکانی (728) پرۆژەیە و بەرکەوتەی هەر پارێزگایەك لەو ژمارەیە لە خشتەی ژمارە (3) ئاماژەی پێکراوە .




# ژمارەی پرۆژە بەردەوام و پەسەندکراوەکان بۆساڵی 2010 و 2011


## ژمارەی پرۆژە بەردەوام و پەسەندکراوەکان بۆساڵی 2010

| دهۆک | سلێمانی | هەولێر |
|---|---|---|
| 442 | 1026 | 610 |

## ژمارەی پرۆژە بەردەوام و پەسەندکراوەکان بۆساڵی 2011

| دهۆک | سلێمانی | هەولێر |
|---|---|---|
| 681 | 1429 | 1024 |



# بەڕێوەبەرایەتی گشتی

# پلانـــــدانـــــی ســـتراتیجی

## گـەڵاڵەکردنــی ڕەشـنووســی پلانــی ســـتراتیجی پەرەپێدانــی هەرێمی کوردســـــتان


کارەکانی پەیوەند بە ئامادەکاریەکانی پلانی ستراتیجی بۆ هەرێمی کوردستان

ئەرکی تەواوی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە لە دوو تەوەری بنچینەییدا چڕ دەبێتەوە کە بریتین لە: ئامادەکردنی پلانی ساڵانە و کورت خایەن و پلانە ستراتیجییەکان (درێژخایەن) ، بۆیە لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا (2010 - 2011) بەپێی وەرز و زنجیرەی کاتەکان ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە لەرێگای بەڕێوەبەرایەتییەکانی خۆیەوە خەریکی گەڵاڵەکردنی ڕەشنووسی پلانی ستراتیجی پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان بووە ، کە بەهەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتەکانی تری حکومەتی هەرێم ئەنجامیداوە ، دەتوانرێت پوختەکارییەکەی لەم قۆناغانەی خوارەوە بیخرێتە بەرچاو:

### قۆناغی یەکەم:

پێش هەنگاونان بۆ دارشتنی ڕەشنووسی پلانی ستراتیجی بە پێویست زانرا دارشتنەوەی پەیکەری کارگێری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی لە پێشەوەی هەموو کارەکان ئەنجام بدرێت ، بۆئەوەی بە باشترین شێوە بتوانێ و بەپێی تایبەتمەندی هەر یەکێکیان کارەکانی خۆی ڕاپەڕێنێ.

### قۆناغی دووەم:

لە 2010/5/13 وە دەستی پێکرد تاکو 2010/6/3 بەردەوام بوو ، بەهەماهەنگیی بەردەوام لەگەڵ وەزارەتەکان و پارێزگاکانی هەرێم بۆ بەستنی ووۆرکشۆپ کە لە دیوانی وەزارەت ئەنجامدرا لەپێناو پوختەکردنی سەرەتاکانی ڕەشنووسی پلانە ستراتیجییەکە.

هەر لەم قۆناغەش دا دەستپێشخەری کرا بۆ بەشداریکردنی ئیدارەی گەرمیان لە دارشتنی پلانـــــــی



گفتوگۆكانی پەیوەند بە ئامادەكاریەكانی پلانی ستراتیجی بۆ هەرێمی كوردستان

درێژخایەنی هەرێمی كوردستان و ئەنجامدانی وۆركشۆپێك لەگەڵ پێنچ نوێنەریان سەبارەت بە سروشتی كارەكان و پێوەرە ئابوورییەكانیان بۆ ئیدارەی گەرمیان.

**لە** 2010/6/15 دەستكرا بە كۆكردنەوەی داتا و ئاماری تازە لە وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتەكانی دیكە و پۆلێنكردنی بەپێی كەرت و سێكتەرەكان وە دواتر شیكردنەوەیان بۆكرا.

**قۆناغی سێیەم:**

نووسینەوەی رەشنووسی پلانی ستراتیجی بە زمانی عەرەبی و پێداچوونەوە بە تەواوی تەوەرەكان ، كە ناوەرۆكی پلانەكە پێك دەهێنن بەتایبەتی بۆ داتا و رێنووس و شیكردنەوەكان ، ئەو قۆناغەش لە مانگەكانی (تەمموز - ئاب - ئەیلول)ی 2010 ئەنجامدران.

هەر لەم وەرزەدا لێژنەیەك بۆ وەرگێرانی رەشنووسی پلانەكە بۆ سەر زمانی كوردی پێكهێنرا و لێژنەیەكی تریش بۆ وەرگێرانی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی.

لە هەمان كاتیشدا بەردەوام سەردانی پارێزگاكان كرا بۆ ئەوەی هەماهەنگییەكان لەبارەی پوختەكردنی رەشنووسی پلانەكە درێژەی هەبێت.

**قۆناغی چوارەم:**

ئەو پرۆسەیە ووردبینی كردن لە ناوەرۆك و تەوەرەكانی پلانی ستراتیجی دارێژراوی وەزارەت و بەدواداچوونەوەی رێنووس و رێژەی نێو خشتەكان بۆ نوسخەی كوردی دەستپێكرا.

لە پاڵ ئەو كارەی سەرەوە ئەو كارانەی خوارەوەش هاوتەریب لەگەڵیدا ئەنجامدرا:

- دانانی داتابەیسی تایبەت بە بەرێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی وەكو بانكێكی زانیاری.


بەدواداچوونەوەی ڕەشنوسی پلانی ستراتیجی

- دانانی ڕێوشوێن بۆ ئەو خولانەی لەمەودوا دێن بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ سوود گەیاندنی زیاتر بە فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی.
- دانانی سیستەمی کارکردن بۆ گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە ب. گ. پلاندانانی ستراتیجی ، کە ژمارەیان (6) بەڕێوەبەرایەتییە لەگەڵ دانانی پلانی کاری بەڕێوەبەرایەتییەکان بۆ ساڵی (2011) بۆ جێبەجێکردنی قۆناغ بە قۆناغی کارنامەکانیان.

**قۆناغی پێنجەم:**

تێیدا ئامادەکاری کردن کرا بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ چاپکردنی ڕەشنووسی پلانی ستراتیجی پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان بە هەرسێ زمان (عەرەبی - ئینگلیزی - کوردی) ، بەڵام پاش هەمواركردنەوەی.

**قۆناغی شەشەم:**

کە قۆناغی ئێستایە و کۆتایی نەهاتووە. لە سەرەتای ئەو قۆناغەدا هەر وەزارەتێك لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم دانەیەکی لە ڕەشنووسی پلانە ستراتیجەکە بۆ ڕەوانەکرا ، بۆئەوەی چ سەرنج و تێبینییەکیان لە تەوەری پەیوەندیدار بە خۆیانەوە هەیە بۆ وەزارەتی پلاندانان ڕەوانە بکەن ، بۆ ئەوەی پاش دیراسەتکردنی سەرنجەکانیان دووبارە ڕەشنووسەکە هەموار بکرێتەوە ، تا 2012/12/12 زۆربەی هەمواركردنەکان تەواو کراون و سەرنجی وەزارەتەکانیش گەیشتوون.

دوا هەمواركردنی ڕەشنووسەكە بریتییە لە سەرنجەكانی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی دەربارەی سەرجەم بەرهەمی ناوخۆی هەرێمی كوردستان ، GDP كە ئێستا لەسەروو بەندی ڕاستكردنەوەی ڕێنووسەكانە بەهەماهەنگیی لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێم ، بۆ ئەو مەبەستەش كۆبوونەوەیەكی سێ قۆڵی بۆ دەستەبەركردنی داتای دروست سەبارەت بە ڕێنووسی سەرەوە ئەنجامدرا.

## بەشداریكردن لە ووركشۆپی ( پەرەپێدانی ئابوری بەردەوامی لە عیراق ) كەلەعەممانی پایتەختی ئوردن سازكرابوو




لەماوەی نێوان (27–30 )/2011/9 بەڕێوەبەری گشتی پلاندانانی ستراتیجی بەشداریكرد لە ووركشۆپێك لەژێر ناوونیشانی (پەرەپێدانی ئابوری بەردەوامی لەعیراق) كەلەوولاتی ئوردن / عەممان ڕێكخرا لەژێر چاودێری (International Albeit GMBH - GIZ) وە بابەتەكانی ئەم ووركشۆپەش بریتی بوون لـــەم خالانەی خوارەو:

- پەرەپێدانی تواناسازی و چاككردنی بارودۆخی سێكتەری دارایـــی
- هاندانـــی هاوكاری لەنێوان كەرتی تایبەت و كەرتـــی گـشـتـی .
- پەسەندكردنی پەیوەندی ئەلكترۆنی لەنێوان مەسرەفەكان و هەروەها بانـكی ناوەنـــدی وەك:
  - ســـەربەخۆیـــی بـــەنك
  - ئەزموونی ئەلمانی لەدانانی بازاڕی سەنەدات
  - مێژووی بازاڕی سەنەدات
  - سیاسەتەكانی بازاڕی نەقدی
  - ڕۆڵی بەنك لەسەرپەرشتیكردنی ئەم سێكتەرە
  - سیاسەتەكانی بازاڕی سەرمایەداری
  - هی تـــر



# بەڕێوەبەرایەتی گشتی
# پەرەپێدانـــــی مرۆیـــــی

## بەمەبەستی پەرەپێدانی توانستی فەرمانبەران ئەنستیتۆی كوردستان بۆ كارگێڕی گشتی (KIPA) بەرنامەیەكی تەواوی بۆ ڕاهێنانی كادیرەكانی وەزارەتەكان ئەنجامداوە




بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی لەماوەی ساڵانی 2010 و 2011 بەرنامەیەكی تەواوی بۆ ڕاهێنانی كادیرەكانی وەزارەتەكان ئەنجامداوە ، كە بەمەبەستی پەرەپێدانی توانستی فەرمانبەران بووە لە سەرجەم دام و دەزگاكانی هەرێمی كوردستان بە پشتبەستن بە شارەزایی و كارامەیی پسپۆرانی نێو ئەنستیتۆی كوردستان بۆ كارگێڕی گشتی (KIPA) لەلایەك ، هەروەها بە هەماهەنگیی و هاوكاریكردن لەگەڵ ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكاندا كە لە هەرێمی كوردستان كار دەكەن ، لەسەر ئەو بنەمایەش دەكرێت خولەكانی ڕاهێنان بۆ چەند تەوەرێك دابەش بكرێت كە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی لەڕێگەی ئەنستیتۆی كوردستان بۆ كارگێڕی گشتی ئەنجامیداوە ، یان ئەو خولانەی كە بەهەماهەنگیی لەگەڵ لایەنەكانی تر ئەنجامیداون.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی/ ئەنستیتۆی كوردستان بۆ كارگێڕی گشتی (KIPA) لەساڵی 2010 خولی لەسەر ئەو بابەتانە ئەنجامداوە كە لەم خشتەیەدا هاتووە:

(خشتەی خولەکانی ئەنجامدراو لەلایەن KIPA لەساڵی 2010 )

| ژ | بابەتەکان | ژمارەی بەشداربووان |
|---|---|---|
| 1 | ئامادەکردنی ڕاهێنەران (TOT) | 35 |
| 2 | گرێبەست و کەمکردنەوە | 113 |
| 3 | بنەماکانی کۆمپیوتەر | 49 |
| 4 | ئامادەکردنی بودجە | 64 |
| 5 | بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان | 45 |
| 6 | بەڕێوەبردنی ئەدا | 16 |
| 7 | بەڕێوەبردنی پرۆژەکان | 15 |
| 8 | ئەرشیف کردن | 29 |
| 9 | بەڕێوەبردن و پەیوەندیکردن | 16 |
| 10 | بنەماکانی زانیاری | 17 |
| 11 | پەیوەندی حکومی | 8 |
| 12 | بەڕێوەبردنی هێزی کار | 7 |
| 13 | PHP | 10 |
| 14 | ژمێریاری حکومی | 16 |
| 15 | پلانی ستراتیجی | 9 |
| 16 | وۆرکشۆپی هەڵسەنگاندنی ئەدای فەرمانبەران | 9 |
| 17 | بەڕێوەبردنی کات | 14 |





سەبارەت بەو خولانەی کە KIPA بەهاوکاری لەگەڵ لایەنەکانی تر ئەنجامیداوە ، ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

(خشتەی خولەکانی ئەنجامدراو لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەهەماهەنگیی لەگەڵ KIPA لەساڵی 2010 )

| ژ | بابەتەکان | لایەنی جێبەجێکار | ژمارەی بەشداربووان |
|---|---|---|---|
| 1 | بەڕێوەبردنی پرۆژەکان | سەنتەری گرێبەستە گشتییەکان | 21 |
| 2 | گرێبەست و کەمکردنەوە | سەنتەری گرێبەستە گشتییەکان | 48 |
| 3 | نەهێشتنی گەندەڵی | USAID | 2 |
| 4 | کارگێڕی ژمێریاری | USAID | 345 |
| 5 | ڕابەرایەتی و پەیوەندیکردن | USAID | 286 |
| 6 | بەڕێوەبردنی هێزی کار | USAID | 111 |
| 7 | بەڕێوەبردنی پرۆژەکان | USAID | 506 |
| 8 | بنەماکانی فێربوونی کۆمپیوتەر | USAID | 250 |
| 9 | هەڵسەنگاندن و چاودێریکردن | USAID | 8 |
| 10 | پلانی ستراتیجی | USAID | 26 |
| 11 | یاریدەدەری تەکنیکی | USAID | 90 |
| 12 | ئامادەکردنی ڕاهێنەران TOT | USAID | 53 |
| 13 | فێربوونی مایکرۆسۆفت وۆرد | AGEF | 156 |
| 14 | فێربوونی مایکرۆسۆفت ئەکسڵ | AGEF | 228 |
| 15 | ئینتەرنێت و بەکارهێنانی ئیمەیل | AGEF | 29 |
| 16 | فێربوونی زمانی ئینگلیزی | AGEF | 227 |
| 17 | فێربوونی مایکرۆسۆفت ئەکسس | AGEF | 10 |
| 18 | سیستەمی زانیاری جوگرافی GIS | AGEF | 33 |

کۆی گشتی خولەکان کە لەساڵی 2010 ئەنجامدراوە لەگەڵ تەواوی ژمارەی بەشداربووان:

| ژمارەی خولەکان | | ژمارەی بەشداربووان | |
|---|---|---|---|
| | 285 | | 5772 |

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی لەڕێگەی ئەنستیتۆی کوردستان بۆ کارگێڕی گشتی KIPA لەساڵی 2011 پلانێکی تەواوی دانابوو بۆ خولەکانی ڕاهێنان بە ئامانجی پەرەپێدانی توانستی

فەرمانبەران لە سەرجەم دام و دەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەگوێرەی ئەم تەوەرانەی خوارەوە:

- تەوەری پەرەپێدانی تواناكانی ( تاك و بەكۆمەڵ و دامەزراوەكان) لە كارگێری باڵا.
- تەوەری پەرەپێدانی تواناكانی ( تاك و بەكۆمەڵ و دامەزراوەكان) لە كارگێڕی ناوەند.
- تەوەری پەرەپێدانی تواناكانی ( تاك و بەكۆمەڵ و دامەزراوەكان) لە كارگێڕی جێبەجێكاریدا.
- تەوەری پەرەپێدانی توانستی فەرمانبەرە تازە دامەزراوەكان.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی/ ئەنستیتۆی كوردستان بۆ كارگێڕی گشتی KIPA چەندین وۆركشۆپ و خولی ئەنجامداوە لەسەر ئاستەكانی ( كارگێری باڵا ، كارگێری ناوەند ، كارگێڕی جێبەجێكاری ) لە بوارە جۆربەجۆرەكاندا ، كە لە خوارەوە بەشێوەی خشتەیی نیشاندراون:

(خشتەی ئەو وۆركشۆپانەی كە KIPA ئەنجامیداوە لەسەر ئاستی كارگێری باڵا)

| ژ | بابەتەكان | ژمارەی بەشداربووان |
|---|---|---|
| 1 | وۆركشۆپی شێوازە تازەكانی بڕیاردان | 33 |
| 2 | وۆركشۆپی شێوازە تازەكانی هەڵسەنگاندنی ئەدای فەرمانبەران | 15 |

(خشتەی ئەو خولانەی كە ئەنستیتۆی كوردستان KIPA ئەنجامیداوە لەسەر ئاستی كارگێڕی ناوەند)

| ژ | بابەتەكان | ژمارەی بەشداربووان |
|---|---|---|
| 1 | خولی وەسفكردنی وەزیفەكان | 54 |
| 2 | خولی گرێبەست و كەمكردنەوە پرۆژە سەرەكییەكان | 40 |
| 3 | خولی جێگیركردنی پێشینەیی ڕێگاپێدان بە تەندەرەكانی گرێبەستە گشتییەكان | 18 |
| 4 | خولی ئامادەكردنی بودجەی دارایی حكومی | 23 |
| 5 | خولی پەیوەندییە كارگێرییەكان | 21 |
| 6 | خولی ئامادەكردنی توێژینەوە و لێكۆڵینەوە پراكتیكییەكان | 44 |

| (خشتەی خول و وۆرکشۆپی پەرەپێدانی تواناکانی (تاك و بەکۆمەڵ و دامەزراوەکان) لە کارگێڕی جێبەجێکار) | | |
|---|---|---|
| ژ | بابەتەکان | ژمارەی بەشداربووان |
| 1 | وۆرکشۆپی ئامرازە تازەکانی ئامادەکردنی وتووێژ و نووسینی یاداشتەکان | 21 |
| 2 | خولی سیستەمی تازەی پاراستن و ئەرشیف | 41 |
| 3 | خولی بەڕێوەبردنی نوسینگە و سکرتارییەت | 33 |
| 4 | خولی (Microsoft Word) | 19 |
| 5 | خولی (Microsoft Excel) | 40 |
| 6 | خولی (Microsoft Access) | 25 |

سەبارەت بە دواهەمین تەوەری (پەرەپێدانی توانستی فەرمانبەران) ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی بەشێوەیەکی تەواو پرۆژەیەکی تەواوی داناوە بۆ فەرمانبەرە تازە دامەزراوەکان ، بۆئەوەی ئەو بابەتە کارگێڕییە گرنگانە ئامادە بکات ، کە لە چوارچێوەی پێداویستی وەزارەتەکانە بۆ ڕاهێنانی فەرمانبەرە تازە دامەزراوەکان. جێبەجێکردنی پرۆژەکەش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی / ئەنستیتۆی کوردستان بۆ کارگێڕی گشتی بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجامدراوە:



ئەنستیتۆی کوردستان بۆ کارگێڕی گشتی (KIPA) بەردەوامە لەکردنەوەی خولەکانیدا

| (خشتەی جێبەجێکردنی پرۆژەی پەرەپێدانی توانستی فەرمانبەرانی تازە بۆ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم) | | |
|---|---|---|
| ژ | ناوی وەزارەتەکان | ژمارەی بەشداربووان |
| 1 | وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار | 183 |
| 2 | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو | 34 |
| 3 | وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان | 16 |
| 4 | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | 34 |
| 5 | وەزارەتی تەندروستی | 49 |
| 6 | دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە | 45 |
| 7 | وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن | 17 |
| 8 | وەزارەتی پلاندانان | 50 |
| 9 | وەزارەتی سامانە سروشتییەکان | 12 |
| 10 | وەزارەتی ناوخۆ | 15 |

هەرچی وەزارەتەکانی تربوون پێیان باش بوو خۆیان هەڵبستن بە ڕاهێنانی فەرمانبەرەکانیان ، لە نێویشیاندا وەزارەتی دارایی و ئابووری یەکەم وەزارەت بوو هەڵسا بە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە ، کە لەساڵی 2011 چوار خولی بە سەرکەوتووی ئەنجامدا بە پشتبەستن بە ڕاهێنەرانی وەزارەتەکەیان کە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە خولی (TOT) یان بینی بوو. وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانیش دووەم وەزارەت بوو کە دوو خولیان ئەنجامدا بەسەرپەرشتی و چاودێری وەزارەتی پلاندانان.

ئەمە جگە لە چەندین چالاکی تر کەئەنجامی داوە لە دەرەوەی پلانی خۆی وەك:

- سیمیناری پرۆژەی فەرمانبەرانی تازە کە لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ئەنجامدراوە لە ڕێکەوتنی 2011/1/12 بۆ ئەو وەزارەتانەی دەستپێشخەریان کردووە بە هاریکاریکردن و هەماهەنگی کردن.
- خولی وەسفکردنی وەزیفی بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا لەسەر داواکاری ئەوان لە سەنتەری ڕۆشنبیری لەماوەی 2011/6/27 بۆ 2011/6/30 کرایەوە.
- وۆرکشۆپێك بە ناونیشانی (نووسینی ڕێکارەکانی کارکردن و دیاریکردنی کارە تایبەتەکان) تایبەت بە فەرمانبەرەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی ، بەمەبەستی پەرەپێدانی تواناى فەرمانبەرەکان لە ڕاپەراندنی ئیش و کارەکانیان کە لە ڕێکەوتی (12011/6/13 بۆ 2011/6/15) ئەنجامدرا.
- وۆرکشۆپێك بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی TOT لە سەرجەم وەزارەتەکان لە 2011/6/6 بۆ 2011/6/8.
- ئەنجامدانی خولی کۆمپیوتەر (بەرنامەی Microsoft Excel) تایبەت بە دەستەی گشتی گەشتوگوزار و بە گوێرەی پێداویستییەکانی ڕاهێنان و جێبەجێکردنی داواکاری ئەوان.

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی سەر بە وەزارەتی پلاندانان، پلانێکی ستراتیجی داناوە و پەیام ، کە لەسەر ئەم بنەمایەوە ستراکچەری ڕێکخراوەیـــی ئەنستیتۆتـی کوردستان بۆ کارگێڕی گشتی دانراوە.**

**هەرچی سەبارەت بەو سیمینار و خولانەی کە KIPA لەساڵی 2011 ئەنجامیداوە بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ، لە خوارەوە لە چوارچێوەی خشتەیەك ڕوونکراوەتەوە:**

(خشتەی خولەکانی ئەنجامدراو لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەهەماهەنگیی لەگەڵ KIPA لەساڵی 2011 )

| ژ | خولەکان | ناوی لایەن | ژمارەی بەشداربووان |
|---|---|---|---|
| 1 | سیمیناری وتەبێژی وەزیر بۆ ڕاگەیاندن و میدیا | ETTC | 70 |
| 2 | ئیتێکێت و پرۆتۆکۆڵ | ETTC | 161 |
| 3 | کارگێڕی گشتی | ETTC | 33 |
| 4 | ڕاگەیاندن و میدیا | ETTC | 19 |
| 5 | پەیوەندیکردن و میدیا بۆ ئەندام پەرلەمانەکان | ETTC | 13 |
| 6 | وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆ | ETTC | 13 |
| 7 | دایالۆکی نێودەوڵەتی بۆ کارگێڕی گشتی | ETTC | 18 |
| 8 | کۆڕی پسپۆران ( خۆپاراستن لە ئاگرکەوتنەوە) | ETTC | 21 |
| 9 | سیاسەتی ژینگە | ETTC | 20 |
| 10 | فیدرالییەت | ETTC | 4 |
| 11 | سەلامەتی لە ئاگرکەوتنەوە | ETTC | 17 |
| 12 | سەلامەتی ڕێگاوبان | ETTC | 21 |
| 13 | خولی فێربوونی وۆرد | ETTC | 15 |
| 14 | خولی فێربوونی ئەکسل | ETTC | 15 |
| 15 | فێربوونی پاوەرپۆینت | ETTC | 15 |
| 16 | ئەنتەرنێت و بەکارهێنانی ئیمەیل | ETTC | 15 |
| 17 | فێربوونی زمانی ئینگلیزی | ETTC | 60 |
| 18 | فێربوونی زمانی ئەڵمانی | ETTC | 10 |

کۆی گشتی خولەکان کە لەساڵی 2011 ئەنجامدراوە لەگەڵ تەواوی ژمارەی بەشداربووان:

| ژمارەی خولەکان | | ژمارەی بەشدابووان | |
|---|---|---|---|
| | 108 | | 2223 |

## پرۆژەی پەرەپێدانی توانستی فەرمانبەرانی هەرێم

دوای ڕەزامەندی نواندن لەسەر دابینكردنی بودجەی دیاریكراو (100 ملیۆن دۆلار) لەساڵانی 2010 و 2011 بۆ بەرنامەی تواناسازی ، هەردوو وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی جێبەجێكردنی پرۆژەكەیان لەئەستۆ گرتووە. وەزارەتی پلاندانانی حكومەتی هەرێمی كوردستان خولی یەكەمی ئەم پرۆژەیەی جێبەجێكردووە بە ناونیشانی بەرنامەی تواناسازی ، هەلی خوێندنی بۆ 400 فەرمانبەر ڕەخساندووە لەپێناو بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر و دكتۆرا (كلینیكەڵ بۆرد بۆ پسپۆرییە پزیشكییەكان) لە دەرەوەی وڵاتدا. لە ئێستاشدا سەرقاڵی جێبەجێكردنی خولی دووەمی ئەم پرۆژەیەن ، كە بە بڕیاری سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە 7156 لە 2011/7/7 دیاریكراوە بۆ فەرمانبەرانی هەموو وەزارەتەكان (جگە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) و ئەو دەستە و فەرمانگانەی كە بە وەزارەتەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان نەبەستراون ، ئەمەش بە كاندیدكردنی 1000 فەرمانبەری تر بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر و دكتۆرا (كلینیكەڵ بۆرد بۆ پسپۆرییە پزیشكییەكان).

### ئامانجی پرۆژەكە

هەڵبژاردن و دیاریكردنی فەرمانبەرانی بە توانا و ئەوانەی ئاستی زانستییان بەرزە ، مەرجە سەرەكییەكانیان تێدا هەیە ، بۆئەوەی بتوانن لە خوێندن بەردەوام بن و بڕوانامەی ئەكادیمی جۆراوجۆر بەدەستبهێنن لە دەرەوەی وڵات بۆئەوەی دوای گەڕانەوەیان بۆ كوردستان بتوانن ئاستی ئەدای فەرمانگەكانیان بەرزتر بكەنەوە و گەشە بە بوارە جۆراوجۆرەكانیش بدەن.



خولی بەردەوام بۆ پەرەپێدانی توانستی فەرمانبەران لە ئەنستیتوی كوردستان بۆ كارگێری گشتی (KIPA)

## پرەنسیپە سەرەكییەكان

دەستەبەركردنی پرەنسیپی دادپەروەری و شەفافییەت لە جێبەجێكردنی پرۆژەكە و یەكسانی هەل بۆ سەرجەم فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان ، بە چاو پۆشین لە باكگراوندی كۆمەڵایەتی و ئاینیی و سیاسی.

## مەرجەكانی پێشكەشكردن


**ئامانج:**

دانانی چەند مەرجێكی زانستی گونجاو ، بەشێوەیەك ڕێگە بە ژمارەیەكی زۆری فەرمانبەران بدرێت بۆئەوەی لەم پرۆژەیەدا سوودمەندبن و بتوانن بروانامەی زانستی لە بوارە جۆربەجۆرەكان بەدەستبهێنن.


**میكانیزم:**

- ڕێگەدان بە هەموو فەرمانبەرێك بۆ پێشكەشكردنی داواكاری بۆ خوێندنی ماستەر یان دكتۆرا ، بە چاو پۆشین لە كۆ نمرەی بڕوانامەی بەكالۆریۆس ، تەمەن ، ڕەگەز ، یاخود ماوەی خزمەتكردنی ئەو فەرمانبەرە (تەنها یەك ساڵی تەواو كردبێت).
- دانانی پێوەری گونجاو بۆ كێبڕكێكردن ، بەگوێرەی كۆی خاڵەكان ، شارەزایی پراكتیكی ، پەیوەندی بڕوانامە و پسپۆریی زانكۆیی بەدەستهێنراو (ماستەر یان دكتۆرا).
- بەخشینی خاڵ بە كەسوكاری پلەیەكی شەهیدان.
- لەبەرچاو گرتنی ئەو فەرمانبەرانەی كە بڕوانامەی دیبلۆمی باڵایان هەیە و دەیانەوێت بڕوانامەی ماستەر بەدەستبهێنن.
- لەبەرچاوگرتنی ئەو فەرمانبەرانەی كە بڕوانامەی ماستەریان هەیە و دەیانەوێت بڕوانامەی دكتۆرا بەدەستبهێنن.
- دروستكردنی فۆرمێكی تایبەت ، كە تەواوی زانیارییە سەرەكییەكانی پێشكەشكار لەخۆبگرێت ، لەگەڵ خشتەی بەدەستهێنانی خاڵەكان.
- ئەنجامدانی چاوپێكەوتن و پەیوەندیكردن بە لیژنە لاوەكییەكانی وەزارەتەكان ، یان فەرمانگەكانی نەبەستراو بە وەزارەت ، بۆ دڵنیابوون لە توانای كاندید كراوان و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی پێشكەشكردن و هەژماركردنی خاڵەكان بۆ بەردەوامبوونیان لە خوێندن لە دەرەوەی وڵات.

| ژمارەی بەشداربووان | ناوی وەزارەتەکان | ژ |
|---|---|---|
| 183 | وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار | 1 |
| 34 | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو | 2 |
| 16 | وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان | 3 |
| 34 | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | 4 |
| 49 | وەزارەتی تەندروستی | 5 |
| 45 | دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە | 6 |
| 17 | وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن | 7 |
| 50 | وەزارەتی پلاندانان | 8 |
| 12 | وەزارەتی سامانە سروشتییەکان | 9 |
| 15 | وەزارەتی ناوخۆ | 10 |




| ژمارەی بەشداربووان | بابەتەکان |
|---|---|
| 21 | وۆرکشۆپی ئامرازە تازەکانی ئامادەکردنی وتووێژ و نووسینی یاداشتەکان |
| 41 | خولی سیستەمی تازەی پاراستن و ئەرشیف |
| 33 | خولی بەڕێوەبردنی نوسینگە و سکرتارییەت |
| 19 | خولی (Microsoft Word) |
| 40 | خولی (Microsoft Excel) |
| 25 | خولی (Microsoft Access) |



# بەڕێوەبەرایەتی گشتی
# هاوکاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان

## ئاژانسی کۆیکا


فەرمانبەرانی بەشدار بوو لە بەرنامەکانی کۆیکای کۆری

بەگشتی چالاکییەکان دابەش دەکرێنە سەر سێ جۆر:

### 1- خولی ڕاهێنان:

لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوو ئاژانسی ناوبراو "10" دە خولی ڕاهێنانیان ئەنجامداوە بۆ کۆی "200" دووسەد فەرمانبەر لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم. ئەم خولانە ماوەی دوو هەفتە دەخایەنێت و لە کۆماری کۆریای باشوور بەڕێوەچوون. خولەکان ئەمانەی خوارەوەن:

- سیاساتی پەرەپێدانی هەرێمی
- بەڕێوەبردنی داتای کەرتی گشتی
- پەرەپێدانی ڕاهێنانی کەرتی گشتی
- بەڕێوەبردنی ئامارە فەرمییەکان
- ستراتیجیەتی پەرەپێدانی ئابووری
- ڕاهێنانی پیشەیی پێشکەوتوو
- پلاندانان و جێبەجێکردنی سیاساتی پەروەردەیی
- بەڕێوەبردنی فڕۆکەخانە
- بەڕێوەبردنی کەرتی گشتی
- سیاساتی تەندروستی و بەڕێوەبردنی پرۆگرام

## 2- زەمالاتی ماستەر:

لە بەشی یەكەم و دووەمی ساڵانی 2010 و 2011 دا كۆی "8" زەمالەی خوێندنی ماستەر بۆ "8" فەرمانبەری حكومەتی هەرێم دابینكرا. ماوەی پرۆگرامەكان لەنێوان یەك ساڵ بۆ دوو ساڵ دەبێت. پرۆگرامەكان بەم ناونیشانانەی خوارەوەن:

- پەرەپێدانی كەرتی گشتی — فەرمانگەی پەیوەندییەكانی دەرەوە
- ئافرەت و پەرەپێدان — وەزارەتی پەروەردە
- دیراساتی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی — وەزارەتی پلاندانان
- سیاسات و فەرمانڕەوایی جیهانی — فەرمانگەی پەیوەندییەكانی دەرەوە
- ئابووری كۆری و پەرەپێدانی هەماهەنگیی — فەرمانگەی پەیوەندییەكانی دەرەوە
- پەرەپێدانی سیاساتی گشتی — فەرمانگەی پەیوەندییەكانی دەرەوە
- كارگێریی گشتی جیهانی — سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
- پەروەردەی پەرەپێدانی سەرچاوەی مرۆیی جیهانی — وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی

## 3- پرۆژەكان:

ئاژانسی كۆیكا ساڵانە بەپێی پێویستی و ئەولەویاتی حكومەتی هەرێم پرۆژە لە هەرێمی كوردستان ئەنجامدەدەن. پرۆژەكان زیاتر لە بواری پەروەردە ، تەندروستی ، ئاو و ئاوەڕۆكان...هتد. ئەم پرۆژانە لەلایەن ئاژانسی ناوبراو دارایی دەكرێن. لەساڵی 2010 و 2011 دا كۆی 11,000,000 دۆلار بۆ ئەم مەبەستە خەرجكراوە. لەم دوو ساڵەدا كۆی "3" پرۆژە ڕەزامەندییان لەسەر دراوە و ئەنجامدراون. پرۆژەكان ئەمانەی خوارەوەن:

پرۆژەی قوتابخانەی ناوەندیی كەسنەزان بە بڕی 2,500,000 دۆلار.

پرۆژەی قوتابخانەی بنەڕەتی لە پارێزگای دهۆك بە بڕی 5,500,000 دۆلار.



## یەکێتی ئەوروپی - EU



وەزارەتی پلاندانان بەردەوامە لە هەماهەنگیی کردن لەگەڵ یەکێتی ئەوروپی بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان

هەماهەنگیی کردن بۆ وەرگرتنی بڕی 17% لەکۆی 24,500,000 یۆرۆ بۆ هەرێمی کوردستان. ئەم بڕە پارەیە بۆ کەرتەکانی تەندروستی ، ئاوارە و پەناهەندەکان ، پەرەپێدانی کۆمەڵگای مەدەنی و یاسای خوێندنی بالاٌ تەرخانکراوە. لەکاتی سەردانی تیمی ناوبراو بۆ کوردستان هەماهەنگیی کراوە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بۆ پێشکەشکردنی پرۆژە پێشنیارەکان. بڕیارە بۆ ساڵی داهاتوو دەستبکرێت بە جێبەجێکردنی پرۆژەکان.

## ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی - USAID

ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی لەساڵی 2010 کە کۆتایی پرۆژەکەیان بوو لەسەرتاسەری عێراق چالاکییەکانیان زیاتر تایبەت بوو بە ڕێکخستنەوەی هەیکەلی کارگێڕیی دەستە و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەزارەتی پلاندانان و یارمەتیدانیان بۆ داڕشتنەوەی کارنامەکانیان. وە دامەزراندنی سێرڤەر بۆ وەزارەت و بەستنەوەی بەشەکانی وەزارەت بە تۆڕێکی ئینتەرنێتی یەکگرتوو. چالاکییەکان بەگشتی بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

- یارمەتیدان لە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و دانانی هەیکەل و کارنامە.
- هاوکاریکردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانی ستراتیجی لە پێداچوونەوەی هەیکەلی کارگێڕی و کارنامە.

- هاوكاریكردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجەی پرۆژەكانی وەبەرهێنان لە پێداچوونەوەی هەیكەلی كارگێڕی و كارنامە.
- هاوكاریكردنی ب.گ. پەرەپێدانی مرۆیی لە پێداچوونەوەی هەیكەلی كارگێڕی و كارنامە.
- دامەزراندنی سێرڤەر و بەستنەوەی هەموو بەشەكانی وەزارەت بە تۆڕێكی ئینتەرنێتی یەكگرتوو. دانانی هەیكەلی بەڕێوەبەرایەتی ITی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوكاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان.
- هاوكاریكردنی دەستەی ئاماری هەرێم لە پێداچوونەوەی هەیكەلی كارگێڕی و كارنامە.
- جگە لەمانەی سەرەوە ئەم ئاژانسە چەندین پرۆگرامی دیكەیان هەیە بەناوی INMA و TIJARA و لەم دوو ساڵەی دواییدا وەزارەت ئەمانەی خوارەوەیان ئەنجامداوە:

◊ هەماهەنگیی كردن و پەیوەندیكردن بە ئاژانسی ناوبراو بۆ دابینكردنی زانیاری پێویست سەبارەت بەو پرۆژانەی كە لە بواری كشتوكاڵدا ئەنجامدراوە و لەلایەن ئاژانسی USAID دارایی كراوە.

◊ ئەنجامدانی كۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی هەردوو پرۆژە سەبارەت بە زیادكردنی هاوكارییەكان و پتەوكردنی هەماهەنگیی لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان.

## كۆبوونەوەی كۆمەكبەخشەكان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوكاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان وەك لایەنی بەرپرس و پەیوەندیدار كۆبوونەوەی كۆمەكبەخشەكان لە هەرێمی كوردستان دەگرێتە ئەستۆ. ساڵانە چەندین كۆبوونەوە بە ئامادەبوونی لایەنانی پەیوەندیداری حكومی و نوێنەرانی كۆمەكبەخشەكان لە هەرێمی كوردستان رێك دەخات. لە دوو ساڵی ڕابردوودا پێنج كۆبوونەوە ئەنجامدراوە بە ئامادەبوون و بەشداربوونی بەرپرسان و نوێنەرانی USAID و UN و وڵاتانی دیكەی كۆمەكبەخش ، كە پرۆژە لە هەرێمی كوردستان جێبەجێ دەكەن. ئامادە بووان لە كۆبوونەوەدا كورتەیەك لە چالاكییەكانیان دەخەنەڕوو بۆ ئاشنابوونی حكومەت و ئاژانس و ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان.



كۆبوونەوەی كۆمەكبەخشەكان لە هەرێمی كوردستان

## ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان INGO

| | |
|---|---|
| تۆمارکردن و نوێکردنەوەی ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتییەکان و بەدواداچوونەوە لەسەر چالاکییەکانیان | ♦ تۆمارکردن و نوێکردنەوەی ژمارەیەك ڕێکخراو و پێدانی بروانامە و پشتگیری پێیان<br>♦ بە ئەلیکترۆنیکردنی فۆرمی تۆمارکردنی ڕێکخراوەکان لەسەر پۆرتاڵ و داواکردنی تۆمارکردنی بەو هۆیەوە بەدواداچوون لەسەر چالاکییەکانیان هەموو سێ مانگێك |

## کارو چالاکییە ئەنجامدراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای زانیاری

| ناوی کارو چالاکی | تێبینی |
|---|---|
| بەڕێوەبردنی پۆرتالی وەزارەتی پلاندانان | Update و داخلکردنی زانیاری و هەواڵ بەشێوەی ڕۆژانە. |
| دانانی نێتوۆرکی نوێی وەزارەت بەهاوکاری ڕێکخراوی USAID ، خولی چۆنیەتی بەکارهێنانی بۆ کارمەندانی ناو وەزارەت | - |
| هاوکاریکردنی لێژنەی تواناسازی وەزارەتی پلاندانان | - |
| دروستکردن و دانانی داتابەیس بۆ بەشەکانی ناو وەزارەت | لێژنەی تواناسازی ، بەشی تەسنیف ، کۆگا ، ......... |

## کارو چالاکییە ئەنجامدراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەزایی داتا و زانیاری

| ناوی کارو چالاکی | تێبینی |
|---|---|
| بەڕێوەبردنی پۆرتالی بەشی هاوکاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان | Update و داخلکردنی زانیاری و هەواڵ بەشێوەی ڕۆژانە |
| پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ کۆمپانیای Synergy بۆ دیزاینی داتابیسی KDMS ، هەروەها دابەزاندنی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت | - |
| یارمەتیدانی بەڕێوەبەرایەتی IT وەزارەت بۆ دانانی نێتوۆرکی نوێی بەهاوکاری ڕێکخراوی USAID | - |
| داخلکردنی داتای پرۆژەکان لەناو داتابەیسی DAD. | - |

## ئاژانسی JICA ی ژاپۆنی / (2010)

**لە چوارچێوەی هاوکاری و هەماهەنگیی بەردەوامی نێوان وەزارەتی پلاندانان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوکاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان و ئاژانسی JICA ی ژاپۆنی ، لەساڵی (2010) ، (76) فەرمانبەری حکومەتی هەرێمی کوردستان سوودمەند بوون لە بەشداریکردن لە (28) خولی مەشق و ڕاهێنانی ئاژانسی ناوبراو ، کە دەورەکان لە وڵاتی (ژاپۆن ، میسر ، ئوردن ، تونس و تورکیا) بوو.**

| ناوی وەزارەت | ژمارەی بەشداربوان | ژمارەی خول | ناوی خول |
|---|---|---|---|
| شارەوانی و گەشتوگوزار | 17 | 7 | ♦ کرداری ئاسانکاری و پاراستنی ئاوی ژێراب.<br>♦ پاراستنی بنەماکانی بەفیڕۆچونی ئاو - میکانیکی و کارەبایی.<br>♦ گەشەسەندنی گەشتوگوزاوی ژینگەیی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست DEMEC بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.<br>♦ عەمارنەکردنی ئاو و دابەزینی- دابەشکردنی هێڵەکان.<br>♦ تەکنەلۆجیای پاککردنەوەی ئاوی ژێراب بۆ کۆنترۆلکردنی ئاوی بەفیڕۆچوو و پاککردنەوەی بەشێوەیەکی شارستانیانە.<br>♦ شێوازی بەفیڕۆدانی گشتی بۆ عێراق. |
| کارەبا | 23 | 8 | ♦ پاراستنی سیستەمی کارەبایی بۆ دابەشکردن.<br>♦ خولی ڕاهێنان بۆ ڕاهێنەران.<br>♦ سیستەمی سکادا<br>♦ هێزی ئاگادارکردنەوەی کارەبا.<br>♦ گەشتوگوزاری ژینگەیی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .DEMEC<br>♦ سیاسەتی پلاندانان بۆ چالاکییەکانی ووزەی پاراستن.<br>♦ پاراستنی وزەی گەرمی و پێشکەوتنی تۆرباینی گاز<br>♦ دیزاینی تەکنەلۆجیای هێڵەکانی گواستنەوە بۆ عێراق. |
| کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو | 22 | 11 | ♦ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی مرۆیی (بازرگانی و دارایی)<br>♦ هۆیەکانی کشتوکاڵ کردن و کاریگەری لەسەر گەشەسەندنی بڵاوبوونەوە.<br>♦ گۆڕانی کەش و هەوا.<br>♦ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو.<br>♦ پاراستنی بەنداو.<br>♦ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو ARGIS<br>♦ مەشقکردنی بنەماکانی بەروبومی ماڵی بۆ بەرهەمهێنانی گۆشت و شیر.<br>♦ بڵاوکردنەوەی تەکنەلۆجیای کشتوکاڵی بۆ ئاو - هەڵگرتنی ئاوی زەوی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.<br>♦ سیاسەتی پلاندانانی کشتوکاڵ.<br>♦ بەڕێوەبردنی پڕۆژەی پراکتیکی لە بەرهەمهێنانی کۆرسی گشتی.<br>♦ کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی ئاو و بەڕێوەبردنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. |

| ناوی وەزارەت | ژمارەی بەشداربوان | ژمارەی خول | ناوی خول |
|---|---|---|---|
| پلاندانان | 4 | 2 | ♦ خولی سیاسەتی زانیاری و پەیوەندی و تەكنەلۆجی.<br>♦ بەڕێوەبردنی جیاوازیی دابونەریتی نەتەوەكان. |
| پەروەردە | 2 | 2 | ♦ بەرەوپێشبردنی رۆشنبیری بۆ شكست هێنانی جیاوازی بنەماكانی پەروەردە.<br>♦ شێوازی پەروەردەی نوسین و خوێندنەوە بۆ پێگەیشتوان. |
| دەستەی ئاماری هەرێم | 7 | 1 | ♦ خولی نەتەوەی عێراقی بۆ بەرەوپێش چوونی نیشتەجێ بوون و چاودێریكردنی سەركەوتوو لە بەرهەمهێنانی گشتیدا. |

## ئاژانسی JICA ی ژاپۆنی / (2011)

لە چوارچێوەی هاوكاری و هەماهەنگیی بەردەوامی نێوان وەزارەتی پلاندانان - بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوكاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان و ئاژانسی JICA ژاپۆنی ، لەساڵی (2011) ، (76) فەرمانبەری حكومەتی هەرێمی كوردستان سوودمەندبوون لە بەشداریكردن لە (28) خولی مەشق و ڕاهێنانی ئاژانسی ناوبراو ، كە خولەكان لە وڵاتی (ژاپۆن ، میسر ، ئوردن، تونس و توركیا) بووە.

| ناوی وەزارەت | ژمارەی بەشداربوان | ژمارەی خول | ناوی خول |
|---|---|---|---|
| شارەوانی و گەشتوگوزار | 10 | 5 | ♦ سیاسەتی چارەسەركردنی بەفیڕۆچونی ئاو.<br>♦ چاودێریكردنی بەكامێرا و بەرپرسی لە كاروباری هونەری.<br>♦ سمینار (TICA ODA.)<br>♦ ئەندازەكردنی سیستەمی ئاو.<br>♦ هونەری بەڕێوەبردن و بەفیڕۆدانی گشتی لە عێراق. |
| كارەبا | 21 | 8 | ♦ نوێ و نوێكردنەوەی ووزە.<br>♦ سیمیناری ژاپۆن ((TICA ODA.<br>♦ كردارێكی ئابووریانە بۆ دابەشكردنی هێڵەكان.<br>♦ سیمیناری ژاپۆن ODA<br>♦ بەڕێوەبردنی ووزەی ئاو لە عێراق.<br>♦ كرداری پاراستنی وێستگەی ئاو لە عێراق.<br>♦ تواناى بەرهەمهێنان بۆ چالاكی پرۆژەكانی داهێنان و میكانیزمی CDM<br>♦ سیاسەتی ووزە. |
| كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو | 22 | 10 | ♦ پاراستنی هەنگ.<br>♦ arc GIS<br>♦ پاراستن و بەڕێوەبردنی زانستی زیندەوەرزانی. |

| ناوی وەزارەت | ژمارەی بەشداربوان | ژمارەی خول | ناوی خول |
|---|---|---|---|
| شارەوانی و گەشتوگوزار | 17 | 7 | ♦ بەرەوپێشچوونی خولی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی ئاژەڵ.<br>♦ ERDAs image<br>♦ کرداز و پاراستنی پرۆژەی وێستگەی عەمارکردن (هەڵگرتنی ئاو).<br>♦ جێبەجێکردن لە دیزاین CAD.<br>♦ پلان و دروستکردنەوەی پرۆژەی کشتوکاڵی.<br>♦ دانانی سیاسەت بۆ ئاوی ژینگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ولآتانی ئەفریقیا .<br>♦ سیستەمی دەستکردی فراوانکردنی بەروبومی ماڵی |
| پلاندانان | 3 | 3 | ♦ سیمیناری ژاپۆنی . ODA<br>♦ پاراستنی ولآتانی تازە پێگەیشتوو یارمەتیدان بۆ سیاسەتی بەرهەمهێنانی بیانی<br>♦ سیاسەتی بەرەوپێشچونی ئابووری. |
| ناوخۆ | 2 | 1 | ♦ بەرزکردنەوەی توانستی ئەفسەرانی پۆلیس (لێکۆلینەوەی تاوان) |
| تەندروستی | 11 | 5 | ♦ گەشەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان بۆ باشکردنی تەندروستی کۆمەڵ لە ولآتانی ڕۆژهەلآت.<br>♦ بەرێوەبردنی بەشی دەرمانخانە و کەرتی تەندروستی لەلایەن دەسەلآتەوە .<br>♦ زانستی تەندروستی منداڵ و ژنان.<br>♦ باری لەناکاوی خولەکانی Cu بۆ پەرستارانی عێراق.<br>♦ سیمینار بۆ سیاسەتی تەندروستی و گەشەسەندن |
| داد | 1 | 1 | ♦ سیاسەت و کاردانەوەی تاوان بۆ گەندەڵی |
| پەروەردە | 2 | 1 | ♦ بەرەوپێشبردنی ڕۆشنبیری بۆ شکست هێنانی جیاوازی بنەماکانی پەروەردە.<br>♦ |
| دەستەی وەبەرهێنان | 1 | 1 | ♦ بنیادنانەوەی پلان و ڕێچکە بۆ پرۆژەکانی کشتوکاڵ.<br>♦ |
| ئەنجومەنی وەزیران | 1 | 1 | ♦ بنیادنانەوە و ناساندنی تەکنەلۆجیا و جێبەجێکردنی لەسەر ولآتانی تازە پێگەیشتوو. |




## ئەنجامدانی پرۆگرامی گەیاندنی خزمەتگوزاری بە ڕاوێژ / CSDP





پرۆژەی CSDP بریتییە لە پرۆگرامێك كە لەلایەن هاووڵاتییان و حكومەت جێبەجێ دەكرێت، وە بە هاوبەشی لەگەڵ بانكی نێودەوڵەتی و وەزارەتی پلاندانانی حكومەتی هەرێم دارایی دەكرێت. ئەم پرۆگرامە كاركردنی هاوبەش لەنێوان هاووڵاتییان و حكومەت هاندەدات بۆ دەستنیشانكردنی خزمەتگوزارییە گشتییە گرنگەكان و جێبەجێكردنیان و لەهەمان كاتدا بەهێزكردنی پەیوەندییەكانی ناو كۆمەڵگا. لەماوەی پرۆژەكەدا كۆی 17 كۆمەڵگا/ تیم لە حكومەتی هەرێمی كوردستان بەهەماهەنگیی لەگەڵ حكومەت بە سەركەوتووی و بەیەكەوە كاریانكرد.



**زانیاری سەبارەت بە پرۆژەكە:**

- ◊ تێچووی پرۆژەكە 5,026,543 دۆلاری ئەمریكی
- ◊ ماوەی پرۆژەكە 18 مانگ
- ◊ كۆتایی هاتن بە پرۆژەكە مانگی حوزەیرانی 2011.
- ◊ شوێنی پرۆژەكە :
  - هەولێر ( خەبات ، رزگاری ، سۆران ، دیانا ، سیدەكان )
  - سلێمانی ( دەربەندیخان ، هەڵەبجە ، تەوێڵە ، سەیدسادق ، چەمچەماڵ ، تەكیە ، چوارتە )
  - دهۆك ( ئاكرێ ، دینارتە ، گردەشین ، سومەیل ، فادیا )
- ◊ ژمارەی پرۆژەكان : 48
- ◊ كاری رەخساو : 1,880 هەلی كاری كورتخایەن (1,601 لەژێر بودجەی بانكی نێودەوڵەتی + 279 لەژێر بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان )

سوودمەندبووان : (93,367 91,506 لەژێر بودجەی بانكی نێودەوڵەتی + 1,861 لەژێر بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان ).

## ئەنجامدانی كۆبوونەوەیەكی زانیاریبەخش لەگەڵ ئەندامانی گروپی كاری پێشینەكان



پاش كۆبوونەوەی ڕۆژانی 11- 12ی تەموز لەنێوان بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی هاوكاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان لە وەزارەتی پلاندانان و نوسینگەی ڕێكخەری كاروباری هەرێمی سەر بە نوسینگەی نەتەوە یەكگرتوەكان لە عێراق بۆ گفتوگۆكردن لەسەر بەشداری گروپی كاری پێشینەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە میكانیزمەكانی چوارچێوەی هاوكاری پەرەپێدانی نەتەوە یەكگرتووەكان (UND) ، ڕێككەوتن كرا لەسەر گرێدانی كۆبوونەوەیەكی نیورۆژی بۆ بەخشینی زانیاری بە ئەندامە تازە دیاریكراوەكانی گروپی كاری پێشینەكان لەسەر ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییان لە (UNDAF)دا بڕیاردرا كۆبوونەوەكە لە 21 تەموز 2011 ئەنجام بدرێت.

لە كۆبوونەوەكەدا لە كۆی 20 ئەندام 17 ئەندامی دیاریكراو ئامادەبوون ، سەرەتای كۆبوونەوەكە تایبەت بوو بە تیشك خستنەسەر (UNDAF) و چۆنیەتی دروستبوونی بودجەكەی و ئەگەری داراییكردنی هاوبەش و چۆنیەتی پەیوەندی لەگەڵ هەلومەرجی عێراقدا.

بابەتی دواتر بریتی بوو لە بەڕێوەبردن و هەماهەنگییكردنی نێوان لایەنە بەرپرسەكان لە جێبەجێكردنی (UNDA) و ڕوونكردنەوەی بونیاد ، ڕۆڵ ، بەرپرسیارێتی و هەماهەنگیی لایەنە بەرپرسەكان لە (UNDAF): لێژنەی بەڕێوەبردن ، سندوقی عێراق بۆ (UNDAF) و گروپەكانی كاری پێشینە كانی (UNDAF)، كە بەشداران سەر بەم گروپانە بوون. پاشان میكانیزمی **پێكهێنان** و كاركردنی گروپی كاری پێشینەكان گفتوگۆی لەسەر كرا بۆ هاوكاریكردنی ئەندامە تازەكان بۆ باشتر لە باشتركردنی كارەكان.

## پلانی كاری ڕێكخراوی كۆمەكی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ دانیشتوان بۆ ساڵانی 2011-2014 بۆ عێراق

لە ڕێكەوتی 2010/8/5 وەزارەتی پلاندانان بەسەرپەرشتی بەڕێز دكتۆر عەلی سندی ، وەزیری پلاندانان ، میوانداری وۆركشۆپێكی ڕاوێژكاریی ڕێكخراوی كۆمەكی دانیشتوانی نەتەوە یەكگرتووەكانی كرد. ئامانجی وۆركشۆپەكە گفتوگۆكردن بوو لەسەر پلانی كاری پرۆگرامی وڵاتی ڕێكخراوەكە بۆ ساڵانی2011-2014 بۆ عێراق. بەشدارانی كۆبوونەوەكە پێكهاتبوون لە نوێنەرانی پەرلەمان و وەزارەتەكانی پەروەردە ، تەندروستی ، ڕۆشنبیری و لاوان و نوێنەری ڕێكخراوەكانی ئافرەتان و لاوان. سەرەڕای ژمارەیەك نوێنەری وەزارەتەكانی حكومەتی فیدراڵی بەغدا. كارمەندانی ڕێكخراوەكە بابەتێكیان لەسەر پلانی كاری پرۆگرامەكەیان پێشكەشكرد و باسیان لە ڕۆڵی لایەنە هاوكارەكان كرد لەم پرۆسەیەدا. ئامادەبووان بەوردی گفتوگۆیان كرد لەسەر پێكهاتە جیاوازەكانی پلانەكە و بۆچوونی خۆیان پێشكەشكرد بە كارمەندانی ڕێكخراوی كۆمەكی دانیشتوانی نەتەوە. یەكگرتووەكان.

## ئەنجامدانی وۆرکشۆپێکی ڕاوێژکاری بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە پلانی کاری ڕێکخراوەی UNDP



بە ئامادەبوونی بەڕێز (د. علی سندی وەزیری پلاندانان و بەڕێز (پیتەر باچلەر) جێگری پرۆگرامی ڕێکخراوی UNDP لە عەممان و لەسەر داواکاری وەزارەتی پلاندانان ، لە ڕێکەوتی 30ی تشرینی دووەمدا ڕێکخراوی UNDP وۆرکشۆپێکی ڕاوێژکارییان ئەنجامدا بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە پلانی کاری ڕێکخراوەکەیان ، کە بۆ سەرتاسەری عێراق ئامادەکراوە. ئەم وۆرکشوپە بەمەبەستی وەرگرتنی بیروراو تێبینی و پێشنیاری لایەنە پەیوەندیدارەکان بوو بەکاری ڕێکخراوەکە کە بریتی بوون لە سێزدە لایەن. وتاری حکومەتی هەرێم لەلایەن بەڕێز وەزیری پلاندانان پێشکەشکرا . پلانی کاری پرۆگرامی چوارساڵی بریتییە لە پێناسەکردنی چوارچێوەی هاوکاری دوولایەنە لەنێوان حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوی ناوبراو لەماوەی چوار ساڵی داهاتووی2011 - 2014. کە لەسەر بنەمای پەرەپێدانی چوارچێوەی کارەکانی ئەم ڕێکخراوە بۆ ماوەی دیاریکراو بونیاتنراوە . وە گرنگیش دەدات بە ئامانجەکانی پەرەپێدانی هەزارە ، هەروەها وانە وەرگیراوەکان لە چوارچێوەی هاوکاری ڕێکخراو لەگەڵ وڵاتانی هاوبەش. داوا لە ڕێکخراوی ناوبراو کراوە کە داواکارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرێت بەر لە پەسندکردنی پلانی کاری پرۆگرام.

## ڕۆژی جیهانی دانیشتووان بەرزڕادەگرێت

بەسەرپەرشتی و ئامادەبوونی وەزیری پلاندانان بەڕێز د. علی سندی ، وە هاوکاری سندوقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان (UNFPA) ڕۆژی 11/7 مەراسیمێکی تایبەت لە تەلاری شەهید سعد عبداللە لە هەولێر سازکرا بۆ بەرزڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی دانیشتووان ، کە تیایدا ژمارەیەك لەوەزیرانی حکومەتی هەرێم و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و نوێنەرانی ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ئامادەبوون. وەزیری پلاندانان وتارێکی پێشکەشکرد لەسەر گرنگی ڕۆژی جیهانی دانیشتووان و ئاماژەیدا بە گرنگی بڵاوکردنەوەی زانیاری و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەسەر بابەتەکانی دانیشتووان ، هەروەها وتی کە گەشەی دانیشتووان دەرفەتێکی باشە بۆ هەرێمێکی وەك کوردستان کە بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو بەخۆوە دەبینێت. دواتر چەند شارەزایەکی کوردستانی و بیانی ، ژمارەیەك بابەتیان پێشکەشکرد لەسەر گرنگی ئەم ڕۆژە.

## وەزارەتی پلاندانان و ڕێکخراوی UNFPA سیمینارێك بۆ بواری دانیشتوان ڕێکدەخەن

لە ڕێکەوتی 2010/10/23 بەچاودێری بەڕێز د.عەلی سندی ، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بەمەبەستی دانانی بەرنامەی چوارساڵی لەگەڵ لایەنەپەیوەندیدارەکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوە ناحکومییە پەیوەندیدارەکان ، وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری گشتی هەماهەنگیی و هاوکاری و پەرەپێدان لە وەزارەتی پلاندانان و د.جۆرج جۆجیو بەڕێوەبەری نوسینگەی عێراقی سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان UNFPA بۆ دانیشتوان سیمینارێك لە هۆڵی شەهید سەعد عبدالله لە شاری هەولێر سازکرا ، کە هەریەك لە ژمارەیەك ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و نوێنەرانی وەزارەتەکانی پلاندانان و تەندروستی و کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەت و زانکۆ و نوێنەرانی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کوردستان بەشداربوون ، لە دەستپێکدا ووتاری وەزارەتی پلاندانان خوێندرایەوە و تیایدا باس لە هەماهەنگیی سیمینارەکە و سەرخستنی لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەت خرایەڕوو ، دواتر ووتاری UNFPA لەلایەن بەڕێوەبەری نوسینگەی عێراق خوێندرایەوە باس لە بایەخی حکومەتی هەرێمی کوردستان و فراوانبوونی ناوچەکە و پێویست بوونی بواری ڕێکخراوەکە خرایەڕوو ، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە پێشووتر بە پرۆژە لە کوردستاندا کارکراوە بەڵام ئەمە پێویستی بە بەرنامە و ستراتیجی بێت ، وە لە کۆتایشدا سوپاسی وەزیری پلاندانانی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ هاوکاری کارکردن لەگەڵیاندا ، پاشان بەرنامەی کاری سیمینارەکە بەدرێژی دەستی پێکردوو بە چڕی چەندین پێشنیار و سەرنج و داخوازی لەپێناو گرنگیدان بە بواری دانیشتوان بەگشتی و لاوان و ئافرەتان گفتوگۆی لەسەر کرا. کە لە داهاتوودا دەخرێتە بەرنامەیەکی تێروتەسەلەوە.



# حكومەتی هەرێمی كوردستان و هابیتات ستراتیجیەتێك دەستپێدەكەن بۆ چارەسەركردنی كێشەی نیشتەجێبوون لە هەولێر

شاری هەولێر بە درێژایی مێژوو خاڵێكی گرنگی وەستانی رێبواران و گەشتیاران و بازرگانان بووە ، كە لە ناوچەكانی باشوور و ناوەراستی عێراق و وڵاتانی دراوسێی هەرێمی كوردستانەوە دەهاتن. زیادبوون و گەشەسەندنی دانیشتوان لە هەولێر بەردەوام بەپێی جێگیری باری ئاسایشی هەرێمەكە لە هەڵكشان و داكشانبووە. بەمەش خواست بۆ نیشتەجێبوون تیایدا لەماوەی ساڵانی (1970 و 1980)یەكان ئەوەندە زۆربەبووە ، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم كێشەیە ، چەندین شێواز و رێگا گراوەتەبەر بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە : راوێژكردن لەگەڵ ئاژەنسەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان و ئاژانسە نێودەوڵەتییەكان و وڵاتە كۆمەك بەخشەكان بۆ دابینكردنی هاوكاری یەكێك بوو لەو رێگایانە. هەر لەو كاتەوە ئاژانسی هابیتات لە بارودۆخەكەی كۆڵیوەتەوە و توێژینەوەی لەسەر چارەسەرەكان ئەنجامداوە . دەرئەنجامی هەوڵەكان بەرهەمهێنانی دوو ستراتیجیەتی نیشتەجێكردن بوو. لە رۆژانی 9 و10ی تشرینی دووەمی 2010 لە ووركشۆپێكدا ئاژانسی هابیتات ستراتیجیەتی نیشتەجێكردنی نیشتمانی و ستراتیجیەتی نیشتەجێكردن لە هەولێر بۆ بەرپرسانی پەیوەندار لە حكومەتی فیدرالی عێراق و حكومەتی هەرێمی كوردستان خستەروو. ستراتیجیەتی نیشتەجێكردن لەهەولێر وا دارێژاوەكە وەك پرۆژەیەكی نمونەیی جێبەجێ بكرێت بۆئەوەی بزانرێت ئەگەر سەركەوتوو بێت لە هەرێمی كوردستان ئەوا لە ناوچەكانی تری عێراقدا جێبەجێ بكرێت.

## بەسەرپەرشتی وەزیری پلاندانان ، هەرێمی كوردستان رۆژی جیهانی دانیشتووان بەرز رادەگرێت

بەسەرپەرشتی وەزیری پلاندانان بەرێز د. علی سندی و ئامادەبوونی ژمارەیەك لە وەزیرانی حكومەتی هەرێم و ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان و نوێنەرانی ئاژانسەكانی نەتەوە ، وە هاوكاریی سندوقی نەتەوەیەكگرتووەكان بۆ دانیشتوان (UNFPA) رۆژی 11/7 مەراسیمێكی تایبەت لە تەلاری شەهید سعد عبداللە لە هەولێر سازكرا بۆ بەرزراگرتنی رۆژی جیهانی دانیشتووان. تیایدا وەزیری پلاندانان وتارێكی پێشكەشكرد لەسەر گرنگی رۆژی جیهانی دانیشتووان و ئاماژەیدا بەگرنگی بڵاوكردنەوەی زانیاری و بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەسەر بابەتەكانی دانیشتوان ، هەروەها وتی كە گەشەی دانیشتووان دەرفەتێكی باشەبۆ هەرێمێكی وەك كوردستان كە بەرەوپێشچوونێكی بەرچاو بەخۆوە دەبینێت. دواتر چەند شارەزایەكی كوردستانی و بیانی ، ژمارەیەك بابەتیان پێشكەشكرد لەسەر گرنگی ئەم رۆژە

## وۆرکشۆپی ڕێکخراوی یونیسێف بۆ نمایشکردنی پلانی ساڵانە

لە ڕێکەوتی 16ي کانوونی دووەمی 2011 ڕێکخراوی یونیسێف بە هەماهەنگی و ئامادەبوونی وەزارەتی پلاندانان لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ و وەزارەتی پلاندانان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وۆرکشۆپێکی دوو ڕۆژەی لە هۆڵی شەهید سەعد عبداللە لە هەولێر ڕێکخست. ئەم وۆرکشۆپە بەمەبەستی پەرەپێدانی پلانی ڕێکخراوی ناوبراو و چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی پلانی کاری ساڵی 2011 یە.لە سەرەتای وۆرکشۆپەکەدا بەڕێز زاگرۆس سیوەیلی بەڕێوەبەری گشتی هاوکاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتەی بەخێرهێنانی میوانانی بەغدا و هەموو بەشداربووان پێشکەشکرد. خاتوو هاسمیك ئیگن لە ڕێکخراوی یونیسێف باسی ئەوەی کرد کە چۆن ئەم ڕێکخراوە تیشك دەخاتەسەر ئەنجامە سەرەکییەکانی کارگێڕی ، کە ئەمە بۆچوونێکی نوێیە و ڕێکخراوەکانی UNپەیڕەوی دەکەن بەشێوەیەك کە ئەنجامەکان جێگای ئامانجەکان دەگرنەوە چونکە ئامانجەکان زۆر نادیارترن. ئامادەبووان لە ژمارەیەك دامەزراوەی جیاواز بە بۆچوونەکانیان بەشدارییان کرد لەسەر گفتوگۆکردن سەبارەت بە پلانی ئاماژەپێکراو. ئەمەو جگە لە نمایشکردن و گفتوگۆکردن لەسەر پلانی کار ، یەکخستنی ئامانجی جێبەجێکردنی پڕۆژەکان لەنێوان ڕێکخراوی یونیسێف و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کارکردن لەسەر هەمان ڕێڕەو ئامانجێکی دیکەی ئەم وۆرکشۆپە بوو.

## وەزارەتی پلاندانان و ڕێکخراوی UNFPA سیمینارێك بۆ بواری دانیشتوان

لە 23-5-2010 بە چاودێری بەڕێز د.عەلی سندی ، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بەمەبەستی دانانی بەرنامەی چوارساڵی لەگەڵ لایەنەپەیوەندادارەکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوە ناحکومییە پەیوەندادارەکان ، وەزارەتی پلاندانان بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری گشتی هەماهەنگیی و هاوکاری و پەرەپێدان لە وەزارەتی پلاندانان و د.جۆرج جۆجیو بەڕێوەبەری نوسینگەی عێراقی سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان UNFPA بۆ دانیشتوان سیمینارێك لە هۆڵی شەهید سەعد عبداللە لەشاری هەولێر سازکرا ، کە هەریەك لە ژمارەیەك ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و نوێنەرانی وەزارەتەکانی پلاندانان و تەندروستی و کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەت و زانکۆ و نوێنەرانی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کوردستان بەشداربوون ، لە دەستپێکدا ووتاری وەزارەتی پلاندانان خوێندرایەوە و تیایدا باس لە هەماهەنگیی سیمینارەکە و سەرخستنی لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەت خرایەڕوو ، دواتر ووتاری UNFPA لەلایەن بەڕێوەبەری نوسینگەی عێراق خوێندرایەوە باس لە بایەخی حکومەتی هەرێمی کوردستان و فراوانبوونی ناوچەکە و پێویست بوونی بواری ڕێکخراوەکە خرایەڕوو ، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە پێشووتر بە پڕۆژە لە کوردستاندا کارکراوە بەڵام ئەمە پێویستی بە بەرنامە و ستراتیجی بێت ، وە لە کۆتایشدا سوپاسی وەزیری پلاندانانی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ هاوکاری کارکردن لەگەڵیاندا ، پاشان بەرنامەی کاری سیمینارەکە بەدرێژی دەستی پێکردوو بە چڕی چەندین پێشنیارو سەرنج و داخوازی لەپێناو گرنگیدان بە بواری دانیشتوان بەگشتی و لاوان و ئافرەتان گفتوگۆی لەسەر کرا. کە لە داهاتوو دا دەخرێتە بەرنامەیەکی تێروتەسەلەوە.

## کۆبوونەوەی تیمی لێژنەی هاوبەش بۆ دارشتنی پرۆژە لەگەڵ هەردوو شاندی بانکی نێودەوڵەتی و ئاژانسی پرۆگرامی پەرەپێدانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان

بەمەبەستی بەدواداچوون و نوێکردنەوەی زانیارییەکانی دوایین بەرەوپێشچوونەکانی پرۆژەی بەڕێوەبردنی دارایی گشتی (Public Finance Management-PFM) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ، ڕۆژی سێشەممەی 2010/2/23 بە ئامادەبوونی بەڕێزان وەزیری پلاندانان د. علی سندی و بریکاری وەزارەتی دارایی بەڕێز ڕەشید تاهیر ، وە هەروەها بەرپرسی بانکی نێودەوڵەتی بۆ عێراق بەڕێز جۆن میشێل ، و بەرپرسی جێبەجێکردنی پرۆژەی ناوبراو لە ئاژانسی پرۆگرامی پەرەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان(UNDP)، خاتوو فاتیما تەسەی و ئەندامانی تیمی لێژنەی هاوبەش بۆ دارشتنی پرۆژە ، لە وەزارەتی پلاندانان کۆبوونەوەیەك ئەنجامدرا. پرۆژەکە لە هەرێمی کوردستان لەلایەن UNDP ئەنجام دەدرێت و لە حکومەتی فیدرالی عێراقیش لەلایەن بانکی نێودەوڵەتی جێبەجێ دەکرێت. بۆ هەرێمی کوردستان 3.1 ملیۆن دۆلار دابینکراوەو بۆ حکومەتی فیدرالیش 18 ملیۆن دۆلار دەستەبەرکراوە. لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوکاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان، بە هاوکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم، لایەنی سەرپەرشتیاری ڕێکخستنی کارەکانی پرۆژەکە بووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## بەرپرسیاریەتیە کۆمەڵایەتییەکانی کەرتی تایبەت لە عێراق - کۆبوونەوەیەکی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لە هەولێر ، 20ی شوباتی 2011

کۆبوونەوەیەك بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەسەر بەرپرسیاریەتییەکانی کەرتی تایبەت ، بە هاوبەشی لەنێوان وەزارەتی پلاندانان و ئاژانسی بەرنامەی پەرەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ، لە ڕێکەوتی 20ی شوباتی 2011 لە شاری هەولێر ئەنجامدرا ، بەمەبەستی پێشکەشکردنی بیرۆکەی بەرپرسیاریەتییە کۆمەڵایەتییەکانی کەرتی تایبەتییە ، هەروەها وەك هاندەرێك بۆ بەردەوامبوونی پەرەپێدان و هاوکاربوونی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی. بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پلاندانانی د. علی سندی ، زیاتر لە 40 بەشداربوو لە کۆبوونەوەکە ئامادەبوون ، کە بریتی بوون لە نوێنەرایەتی لایەنە حکومییە پەیوەندارەکانی وەك: وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ، وەزارەتی خوێندنی باڵا ، دەستەی وەبەرهێنان لە حکومەتی هەرێم ، نوسینگەی پارێزگاری هەولێر ، ئەنجومەنی پارێزگاکان ، وە هەروەها کەرتی تایبەت ، کۆمەڵگای مەدەنی و ئەکادیمیاکان.

# یاسای وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان– عیراق دایناوەو بەپێی حوکمی مادە دە/یەکەم لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان– عیراق، ئەم یاسایەمان دەرچواند:

**یاسای ژمارە(٧)ی ساڵی /٢٠٠٦**
**یاسای وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

مادەدەی یەکەم:

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

یەکەم : هەرێم : هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

دووەم: وەزارەت : وەزارەتی پلاندانانی هەرێم.

سێیەم: وەزیر : وەزیری پلاندانانی هەرێم.

چوارەم:بریکار: بریکاری وەزارەتی پلاندانان.

پێنجەم: مەڵبەند : مەڵبەندی پێشخستنی کارگێری.

مادەدەی دووەم:

وەزارەت وەدی هێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

یەکەم:ئامادەکردنی پلانەکانی پەرەپێدانی هەرێم وپێشخستنی لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی ومرۆیی ورۆشنبیرییەوە، لە ژێر رۆشنایی پێداویستی بە هەنووکەیی بە چاوەروانکراوەکانی کۆمەڵگا.

دووەم:بەبەشداربوونی وەزارەتەکان و کەرتە حکومی یەکان و کەرتی تایبەت ، تێکرای ئامانجەکانی پلانە درێژو مامناوەند وکورتخایەنەکان ئامادەدەکات بەو ئامانج و سیاسەتانە شەوەکەلە خۆی دەگرێت.

سێیەم:ئامادەکردنی پلان بۆ چارەسەرکردنی کێشە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتیەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و دامودەزگا پێوەندیدارەکاندا.

چوارەم:پلان بۆ وەبەرهێنانی حکومی دادەنێ وبڕەی تەرخانکراوی وەبەرهێنەکی (الاستثمارية) لە بوودجەی گشتی دەوڵەتدا پێشنیازیش دەکا و بە پێی ی پارێزگا وناوچە شارنشین

ودێهات نشینەکان دابەشبکرێ و، رەچاوکردنی گرنگتربوون(الاولویة) لە دیاریکردنی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە کە لەسەربووجەی وەبەرهێنەکی (الاستثمارية) دارایی دەکرێن (تمول) بەهەمانەنگی لە گەڵ گشت ئەو وەزارەتانەدا کە پەیوەندیدارن وبە دواداچوونی باش جێبەجێکردنیان.

**پێنجەم:** ئامادەکردنی بەرنامەی گشتگیرو درێژخایەن وکورتخایەن و ساڵانە بۆ سازکردنی هێزی کاری مرۆیی پێویست بەهاوکاریی زانکۆو دەزگاکانی فێرکردن.

**شەشەم:** هاوکاری کردن لەگەڵ دەزگا حکومییەکان لە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی پێویست بۆ بەرەوپێش بردنیان و تازەکردنەوەو باشترکردنی رێکخستنی ئیداری و بەرزکردنەوەی ئاستی توانستی راپەڕاندنی کارتیایاندا و،گەشەپێدانی توانستی سەرکردە ئیداری و هونەرییەکان ومەشق پێدانی ئاستە جۆر بەجۆرەکان.

**حەوتەم:** کارکردن بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان سەرچاوەکانی دەرامەت وپێداویستەکانی گەشەپێدان بەدانانی پرەنسیپ و ئاراستەی گشتی بۆ بەرێوەبردنی ستراتیجیەتی گەشە پێدانی ئابووری وکۆمەلایەتی.

**هەشتەم:** بایەخدان بە دامەزراندنی حکومەتی ئەلیکترۆنی،بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، ودامەزراندنی بانکی زانیاری و،پێرۆکردنی شێوازی روون ودیار(شفاف)لە دامەزراندنی حکومەتی دەزگاییدا.

**نۆیەم:** بەشداریکردن لەگەڵ حکومەتی عیراقی فیدراڵ بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی پارەدەرو یاریدەی هونەری لە دەوڵەت ودەزگا نێودەوڵەتییە بەخشەرەکانەوە.هەروەها بەشداریکردن لەو دانوستانانەی کە لەگەڵ لایەنە بەخشەرەکاندا بەرێوەدەچێ،تا،بەڵێنەکانی خۆیان بیەنەسەرو،یارمەتی وبەخشش و قەرزیان لێ وەدەستکەوێ و،بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی وئابووری هەرێمدا،پرۆژەکانی هەرێمی پێ دارایی بکرێ (تمول).

**دەیەم:** هاندانی کەرتی تایەت و،وەبەرهێنانیی خۆماڵی وبیانی، بۆئەوەی لەگەشەپێدانی ئابووری هەرێمدا بەشداری بکەن.هەروەها،سیاسەت ورێگاکانیش پێشنیازدەکا،کەئەم کەرتە چالاکتربکا بەهاوکاریی دەزگا پێوەندیدارەکانی حکومەت.

**یازدە:** بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگای مەرکەزیی پێوەرکاری (التقييس)وکۆنترۆڵی جۆرەکی (النوعية)وەزارەتی پلان دانان وهاوکاریی وگەشەپێدانی عیراقی فیدراڵدا سیستەمێکی نیشتمانی بۆ پێوەرکاری رکۆنترۆڵی جۆرەکی لە هەرێمدا پێرۆدەکاو،پشت بە مواسەفاتی عیراقی وجیهانییش دەبەستێت و، چاودێری بەکارخستنیان دەکاو،پشکنین وشیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی تایەت بە پێوەرکاری وکۆنترۆڵی جۆرەکی ئەنجام دەدات و،ئامۆژگاری

دەدات لەبارەی ئەم مەسەلانەوە بە هەموو لایەنێکی حکومی و ئەهلی لە هەرێمدا،گەر بیانەوێ.

دوازدە:کردارەکانی ئامار(احصاء) لە هەرێمدا بەجێ دێنێ،کە پێوەندییان بە سەرژمێرییە گشتیەکانی دانیشتوانی هەرێم و خانوەکان ورووپێوی ئامادەیی تایبەت بە کەرتە جۆر بە جۆرەکانی هەرێمەوە هەیە.ئەم کارەش،بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای عیراقی فیدراڵ، بەجێ دێنێ.

سیازدە:لەکاتی ئامادەکردنی پلان وبەرنامەکانی وەزارەتەکە دا، سەلامەتیی ژینگەی هەرێم رەچاودەکا.

## پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم:** وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

**یەکەم:**وەزیر:سەرۆکی بالاو بەرپرسی ئیش وکارو ئاراستەکردنی سیاسەت وسەرپەرشتی و چاودێری دەکات وهەمور بڕیارو فەرمان ورێنمایەکیش پێوەندییان بە ئەرکوفرمان وپێکهاتەو سەلاحییات و،کاروباری دیکەی هونەری ودارایی وئیداری و رێکخستنی وەزارەتەکەوە هەیە،بەپێی ئەم یاسایە لە وەزیرەوە دەردەچن وبە سەرپەرشتیی خۆی جێبەجێ دەکرێن.بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیرانیش بەرپرسە،وەکو ئەندامێکی دەستبەر لە ئەنجومەنەکەدا.وەزیر بۆی هەیە، هەندێ لە سەلاحیاتی خۆی بە بریکاری وەزارەت یان بە بەڕێوەبەرە گشتییەکان یان بە هەر فەرمانبەرێکی دیکە بسپێری کە خۆی بە باشی بزانێ.

**دووەم:**بریکاری وەزارەت:لە چوارچێوەی سەلاحیاتدا کە پێی دەسپێردرێ،یاریدەی وەزیر دەدات لە ئاراستەکردنی وەزارەت وسەرپەرشتیکردنی کاروبارەکانیدا،بەمەرجێ بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆی هەبێ و،خاوەن ئەزموون و پسپۆربێت.

**سێیەم:**نوسینگەی وەزیر:فەرمانبەرێ،بەپلەی بەڕێوەبەر،بەڕێوەی دەبا، بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆی هەبێ.ژمارەیێ فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**چوارەم:**نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێ،بەپلەی بەڕێوەبەر،بەڕێوەی دەبا، بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆی هەبێ.ژمارەیێ فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم:**راوێژکاران:ژمارەیان لەچوارکەس زیاترنییە.مەرجیشە بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیان هەبێ و، خاوەن ئەزموون وکەر دەش (ممارسة) بن.

**شەشەم:**دەستەی ئاماری هەرێم:فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا،بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆی هەبێ.ئەرکوفرمانی خۆی بەپێی سەلاحیاتێ کە پێی دەسپێردرێ ،هەڵدەسوورێنێ.

**حەوتەم:** دەستەی پێوەرکاری (التقییس)و کۆنترۆڵی جۆرەکی لە هەرێمدا: فرمانبەرێ بەپلەی بەرێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا،بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆی هەبێ.ئەرکوفرمانی خویشی بەپێی سەلاحیاتێ کە پێی سپێردراوە هەڵدەسووڕێنێ وبەڕێوەبەرایەتیەکانی پێوەرکاری وکۆنترۆڵی جۆری لە پارێزگاکان وابستەی دەبن.

**هەشتەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری کارگێڕی ودارایی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆی هەبێ.ئەرکوفرمانی زامنکردن وڕێکخستنی پێداویستەکانی کار، دەگرێتە ئەستۆ.لەم بەڕێوەبەرایەتییانەی خوارەوە پێك دێت:

أ- بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری کارگێڕی.

ب- بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری دارایی.

ج- بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری یاسایی.

د- بەڕێوەبەرایەتیی تاکەکان.

هـ- بەشی پۆلێن کردنی (مقاولەکان) بەڵێندەرەکان.

**نۆیەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئامادەکردن وهەماهەنگی کردنی پلانەکانی گەشەپێدان: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکا بەمەرجێ بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیی هەبێت ولەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە پێك دێت:-

أ- بەڕێوەبەرایەتی پلانەکانی گەشەپێدان.

ب- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی ئابووری.

ج- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی کشتوکاڵی.

د- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی پیشەسازی.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی گەشتیاری.

و- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی بیناسازی ونیشتەجێ وخزمەتگوزاریەکان.

ز- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان بۆ گواستنەوەوگەیاندن.

**دەیەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پڕۆژەکانی بوودجەی وەبەرهێنەکی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات بەمەرجێ بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیی هەبێت وپێك دێت لەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە:

أ- بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی گرنگێبوونی(الاولویە) پڕۆژەکان.

ب- بەڕێوەبەرایەتی دابەش کردنی پڕۆژەکان.

ج- بەڕێوەبەرایەتی چاکێق (جدوی) پڕۆژەکانی گەشەپێدان.

**یازدەم:** بەڕێوەبەری گشتی پەرەپێدانی مرۆیی: بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرزكایەتی دەكات بەمەرجێ بڕوانامەیەكی بەرایی زانكۆیی هەبێت ولەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە پێك دێت:-

أ- مەڵبەندی هەرێمی بۆ پێشخستنی كارگێڕی.
ب- بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتەكانی هێزی كاروكارپێكردن.
ج- بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتەكانی پەروەردە وفێركردن.
د- بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتەكانی پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی.
ه- بەڕێوەبەرایەتی تەكنەلۆجیای زانیاری.

**دووازدەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەماهەنگی وهاوكاری پەرەپێدان: بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرزكایەتی دەكا بەمەرجێ بڕوانامەیەكی بەرایی زانكۆیی هەبێت، ولەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە پێك دێت:

أ- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەكان.
ب- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی كاروباری وولاتە بەخشەرەكان وڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان.
ج- بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتەكانی هاندانی كەرتی تایبەت ووەبەرهێنان.

**ماددەی چوارەم:** وەزیر بۆی هەیە گرێبەست بكات لەگەڵ كەسانی سرووشتی ومەعنەوی لەوانەی خاوەن پسپۆڕی وشارەزان لەناوەوەی هەرێم ودەرەوەیدا بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرك و فەرمانانەی كە پێیان دەسپێردرێت وبۆ ئەو ماوەی بە گونجاوی دەزانێت ئەویش بۆ جێبەجێ كردنی ئامانجەكانی وەزارەت و، ماف وپابەندیەكانیان لەلایەن وەزیرەوە دیاری دەكرێت پاش ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەكەم:** فرمان وئەركەكان وپێكهاتەكانی وەزارەت بەپێڕۆیەك دیاری دەكرێت.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی وبەش وهۆبەی نوێ بكاتەوە، یان تێكەڵاویان كات، یان یووچەڵیان بكاتەوە، لە چوارچێوەی پێكهاتەكانی وەزارەت وبەپێی پێداویستی كارەكانی.

**سێیەم:** وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربكات بۆ ئاسانكاری جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**ماددەی شەشەم:** كاربە هیچ دەقێك ناكرێت پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی حەڵتەم:** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێبكەن.

مـاددەی هەشـتەم:ئـەم یاسـایەکاری پێـدەکرێت لـە رۆژی دەرچـوونیەوەولە رۆژنامـەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عیراق**

لە رۆژی (١٦/٩/٢٠٠٦)ی زاینی لە هەولێر دەرچووە
بەرامبەر ٢٤/ بەزیەن/ ٢٧٠٦ ی کوردی

## هۆی دەرچوونی ئەم یاسایە

لەبەرتازە دامەزرانـی وەزارەتێـك لە حکومـەتی هەرێمی کوردسـتان بـۆ دانـانی پلانـی گەشـەپێدانی هەرێم وبەرەوپێش بردنی لەرووی ئابووری وکۆمەڵایەتی ومرۆیـی ورۆشـنبیری یـەوە لـەژێر رۆشـنایی پێداویستیە هەنووکەیـەکانی کۆمـەڵگای کوردسـتانی وئـەوەی پێشـبینی دەکرێن،هـەروەها هاوکـاری کردنی دامودەزگاکانی حکومەت لە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی پێویست بۆ بـەرەوپێش بردنـی ونـوێ کردنەوەی وبەرێوەبردنی ستراتیجیەتی پەرەپێـدانی ئـابووری وکۆمەڵایـەتی وچارەسـەر کردنـی کێشـە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان وسازکردنی هێزی مرۆیی.بۆیە بە پێویست زانرا یاسایەك دەربکرێ فرمـان وئامانجەکانی ئەم وەزارەتەو بەرێوەبەرایەتیەکانی دیاری بکات وفرمانی هەریەکێکیان رێك بخات. بۆ ئەو مەبەستانە ئەم یاسایە دەرکرا.

# پێش کۆتایی

جگە لە بڵاوکراوە وەرزیەکان کە بەشێوەیەکی دەوری (وەرزی) بۆ کورتەی کارو چالاکییە ئەنجامدراوەکانی وەزارەت لەماوەی ئاماژەپێکراو دەردەکرێت ، بەباش زانرا کە ڕاپۆرتێکی کورتیش لەسەر کارو چالاکییەکانی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی پوختکراو ئامادە بکرێت ، ئەمەش بەمەبەستی خستنە ڕووی چەند لایەنێکی گرنگ لەو کارو پرۆژانەی کە لەماوەی دووساڵی ڕابردووی 2010 - 2011 بەپێی پلانی دارێژراو ئەنجامدراون ، لە گشت بوارە سەرەکیەکانی وەك: ئامار ، پلاندانانی بودجەی وەبەرهێنانی حکومی ، پلانی ستراتیجی بۆ هەرێمی کوردستان ، پەرەپێدانی مرۆیی ، پۆلێنکردنی کۆمپانیا و بەڵێندەران ، پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری ، هەروەها هەماهەنگیی و هاوکاری لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکان بەمەبەستی بەشداریپێکردن و هاوکاریکردنی حکومەت لە بووژانەوەو پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان لە سێکتەرو بوارە جیاجیاکاندا.

پێویستە بگوترێت کەوا لەم ڕاپۆرتەدا تەنها ئاماژە بەچەند لایەنێك لە کارو پرۆژەکانی وەزارەت کراوە ، وە بەشێوەیەکی کورت و پوختکراو لەو بوارانەی کە بە ئەرکی سەرەکی وەزارەت دادەنرێت ، بۆهەر وردەکاری و زانیاریەك دەتوانرێت پەیوەندی بەلایەنی پەیوەندار بکرێت لەوەزارەت یاخود سەردانیکردنی وێب سایتی وەزارەتی پلاندانان (www.mop-krg.org)

طیب محمد
وەزارەتی پلاندانان

Kurdistan Regional Government
Ministry of Planning

# Ministry Of Planning Activity And Achievement Report

## (2010 & 2011)

January - 2012